# پرسی بوون:
# لە فەلسەفەی بوونگەرایی مارتن هایدگەردا

توێژینەوەی ئەکادیمی

لەلایەن: خەدیجە ئەسکەندەر



# پرسی بوون: لە فەلسەفەی بوونگەرایی مارتن هایدگەردا

**توێژینەوەی ئەکادیمی**

**لەلایەن خەدیجە ئەسکەندەر**

***ئایا ئێمە لەبەر ئەوەی "بیر" دەکەینەوە "هەین"، یان لەبەر ئەوەی "هەین" بۆیە "بیر" دەکەینەوە؟***

**پوختە**

گەورە فەیلەسووفی  ئەڵمانی مارتن هایدگەر، یەکێکە لە بیرمەندە گەورە و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم کە بەهۆی هایدگەرەوە بە سەدەی بوونگەرایی ناسراوە، کایەی کاریگەرییەکانی تەنیا لە بوارەکانی فەلسەفەدا سنووردار ناکرێن. هزری هایدگەر و بۆچوونەکان ڕۆڵێکی بنچینەییان هەبووە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پۆست-مۆدێرنیزمدا. خەمی سەرەکی هایدگەر لە فەلسەفەدا بابەتی "بوون" و "بنەڕەتی بوون"ە. هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکانی تایبەتە بە «بوون» و بنەڕەتی بوونی مرۆڤەوە، هەرچەندە تێگەیشتن لە نووسینەکانی کارێکی ئاسان نییە.ئەم توێژینەوەیە بە گرنگیدان بە پرسی بنەڕەتی «بوون» و ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی،لە (فەلسەفەی بوونگەرایی) مارتن هایدگەر دەکۆڵێتەوە. .بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری بوون لای هایدگەر ئاماژە بە شیکردنەوەی پێکهاتەی دازاین (Dasein) دەدات کە زاراوەیەکی دانسقەیی هایدگەرە بۆ بوونی مرۆڤ، هەروەها گرنگی دەدات بە بەردەوامیدان بە پرسی «بوون»، لە کاتێکدا کە بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی فەلسەفەیە، کەچی لای زۆرێک لە فەیلەسووفان پشتگوێ خراوە تا ئەو کاتەی لە فەلسەفەی مارتن هایدگەردا هەوڵی بوژانەوەی دەدرێت، توێژینەوەکە لە ڕەخنەی هایدگەر لە مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی، بەوەی کە سەرەتاییترین و گرنگترین پرسیاری فەلسەفی لەبیرکردووە دەکۆڵێتەوە. هاوشان باس لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی هزری هایدگەری دەکات، چونکە هایدگەر لە بوارەکانی فەلسەفە، ئەدەبیات و هونەردا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە، بۆ دووبارە پرسیارکردن و گەڕان بەدوای جەوهەری «بوون» لەناو گوتاری فەلسەفی و بەتایبەتی فەلسەفەی بوونگەرایی لە ئێستادا.

**ووشە سەرەکییەکان:**

(بوون، خودێتی، دازاین-"Dasein"،ناسکار-"Sujet"، هێرمۆنێستیک، پووچگەرایی)

## The Question of Being: In the Existential Philosophy of Martin Heidegger

### Abstract:

Martin Heidegger, the Great German philosopher, stands as one of the most profound and influential thinkers of the twentieth century. His philosophical contributions were pivotal to the development of the postmodern movement. Central to Heidegger's inquiry is the question of "being" and the fundamental nature of existence. Consequently, his scholarship primarily addresses the concept of "being" and the foundation of human existence, despite the inherent complexity and difficulty of his writings. To elucidate the essence of being, Heidegger undertakes an analysis of the structural constitution of "Dasein" his unique term denoting human existence and persistently revisits the question of "being." Heidegger critically interrogates Western metaphysics for having neglected this most fundamental philosophical question. Furthermore, this study considers the enduring impact of Heidegger's thought across philosophy, literature, and the arts, highlighting its role in prompting contemporary re-examinations of the essence of "being" within existential philosophy and broader philosophical discourse.

### Keywords:

(Being, Self, Dasein, Subject, Hermeneutic, Nihilism)

**مسألة الوجود: في الفلسفة الوجودية لمارتن هايدغر**

**الملخص:-**

يُعتبر مارتن هايدغر، الفيلسوف الألماني العظيم ، أحد أعمق مفكري القرن العشرين وأكثرهم تأثيرًا. وقد كانت مساهماته الفلسفية محورية في تطور حركة ما بعد الحداثة. ويُعد سؤال "الوجود" والطبيعة الجوهرية للوجود محورًا أساسيًا في بحث هايدغر. وبالتالي، تُركز أبحاثه بشكل أساسي على مفهوم "الوجود" وأساس الوجود الإنساني، على الرغم من التعقيد والصعوبة المتأصلين في كتاباته.

لتوضيح جوهر الوجود، يُجري هايدغر تحليلًا للبنية الهيكلية لـ"الدازاين"، مصطلحه الفريد الذي يُشير إلى الوجود الإنساني، ويُعيد النظر باستمرار في سؤال "الوجود". ويُسائل هايدغر الميتافيزيقا الغربية نقديًا لإهمالها هذا السؤال الفلسفي الجوهري. علاوةً على ذلك، تتناول هذه الدراسة الأثرَ الدائم لفكر هايدغر في الفلسفة والأدب والفنون، مُسلِّطةً الضوء على دوره في حثِّ إعادة النظر المعاصرة في جوهر "الوجود" ضمن الفلسفة الوجودية والخطاب الفلسفي الأوسع.

**الكلمات المفتاحية:**

(الوجود، الذات، دازاين، الموضوع، التفسيرى، العدمية)

## پێڕستی توێژینەوە:-

پێشەکی
بەشی یەکەم:- فەلسەفەی بوونگەرایی و بوونگەرایی هاوچەرخ......................... ٨.
١.١- بوونگەرایی (وجوودییەت) چییە؟
١.٢- خەسڵەتە بنچینەییەکانی بوونگەرایی
١.٣-بوونگەرایی لە سەدەی بیستەمدا (بوونگەرایی هاوچەرخ)
١.٤- کێشەکانی بوون (Ontology) و زانین (Epistemology)

بەشی دووەم:- شیکردنەوەیەک بۆ «بوون»........................................................ ١٥.
٢.١- مانای «بوون» چییە؟
٢.٣- بوونیادە سەرەکییەکانی «بوون»
٢.٤- هەندێ لە بوونگەراکان چۆن لە چەمکی «بوون» گەیشتوون؟

بەشی سێیەم:- هایدگەر و بوژانەوەی پرسی «بوون»...................................... ٢٢.
٣.١- هایدگەر و فەلسەفەکەی
٣.٢- کێشەی لەبیرکردنی «بوون»
٣.٣- دازاین (Dasein) و مانای «بوون»
٣.٤- پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوون لای هایدگەر
٣.٥- کاریگەرییەکانی هایدگەر لەسەر فەیلەسووفانی دوای خۆی

دەرەنجام:-
پەراوێزەکان:-
لیستی سەرچاوەکان:-

**پێشەکی**

ئێمە بۆ ئەوەی لە چەمکی بوون تێبگەین، دەتوانین چەندین ڕێگا ببڕین تاوەکو نزیک ببینەوە یا ئاشنا ببین بە مانای "بوون". فەلسەفە بە یەکێک لە سەرەکیترین ئەو ڕێگایانە دادەنرێت، بۆ گەیشتن بە "بوون".

«بوون چییە؟» ئەو پرسیارەی مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، لە کاتێکدا پرسی «بوون» بابەتی سەرەکی و بنەڕەتییە لە فەلسەفەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، زۆرجار گرنگی پێنەدراوە، پشتگوێ خراوە، یان بە تەواوی لەبیرکراوە. مارتن هایدگەر، وەک یەکێک لە فەیلەسووف و بیرمەندە سەرەکی و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم، بە شکستی فەلسەفە لە ئەوروپا ئاماژەی پێداوە. هەوڵیدا ئەم پرسیارە لەبیرکراوە بهێنێتەوە بەر باس، بە پەرەپێدانی ئۆنتۆلۆژیای بوونگەرایی، بەوەی ناوەندی فەلسەفەکەی لەسەر بابەتی «بوون» و بوونی مرۆڤ یان (دازاین) بوو. لای هایدگەر، جەوهەری بوون و لێکدانەوەی بوونی مرۆڤ پرسێکی بنەڕەتییە، و تەواوی فەلسەفەکەی داگیر کردووە.

هایدیگەر لە دەقێکی خۆیدا نووسیویەتی : (دوو زمان بۆ فەلسەفاندن هەیە، زمانی یۆنانی و زمانی ئەڵمانی). بەو قسەیە گوزارشت لەوە دەکات کە فەلسەفە و کێشە ئاڵۆزەکانی، زیاتر لە ڕێی زمانی ئەڵمانی و یۆنانیەوە گوزارشتیان لێدەکرێت. ئەو دەیگووت لە کۆندا زمانی گریک زمانی فەلسەفە بووەو لە ئێستاشدا، زمانی ئەڵمانی توانای ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە فەلسەفییانەی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی بوونگەرایی هایدگەر دەکات، گرنگی بە جەوهەر و مانای «بوون» و لە هەمان کاتدا، هەوڵی بەبیرهێناوەی پرسی لەبیرکراوی «بوون» دەدات. ئامانج لێی ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە هایدگەر لە ڕێگەی شیکاری (دازاین) چۆن لە جەوهەری بوون تێدەگات، هەروەها ئەم تێگەیشتنە چۆن ڕێڕەوی بیری فەلسەفی هایدگەر ئاڕاستە دەکات.

هەوڵی شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی هایدگەر لەسەر بیرمەندانی بوونگەرایی دوای ئەو، دەدات. هەروەها ڕۆڵی هایدگەرییش بەدەر لە فەلسەفە ،و لە بابەتەکانی تردا دەخاتە بەر باس. و هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی پرسی بوون لەناو

گوتاری فەلسەفی ئەمڕۆدا بەئاگا بهێنێتەوە، وەک ئەوەی ئامانجی هایدگەر بوو لە سەدەی بیستەمدا.

**ئامانجەکان:-**

- ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە شیکردنەوەی تێگەیشتنی هایدگەر لە جەوهەری بوون (sein) وەک پرسیارێکی سەرەتایی لە فەلسەفەدا و لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە بوونگەراییەکان.
- شیکردنەوەی مانای بوون لە ئۆنتۆلۆژیای بوونگەرایی هایدگەردا، لەڕێگەی ڕۆڵی (دازاین)ەوە.
- وردبوونەوە لە رەخنەکانی هایدگەر بەتایبەتی، لەوەدا کە پرسی بوون بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەبیرکراوە.
- بەردەوامیدان بە توێژینەوەی فەلسەفی، بەتایبەتی فەلسەفەی بوونگەرایی بوژاندنەوەی پرسی بوون و بوونی مرۆڤ لە چوارچێوە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و بوونگەراییە هاوچەرخەکاندا بە ئیلهام وەرگرتن لە چوارچێوەی ئۆنتۆلۆژیای هایدگەرەوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:-**

لەسەرەتادا ئەم توێژینەوەیە بە دوو پرسیاری سەرەکی دەست پێدەکات و لە ناوەڕۆکیشدا هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات، پرسیارەکانیش بریتیین لە:-

1- مارتن هایدگەر چۆن جەوهەری بوون لە فەلسەفەی بوونگەرایی خۆیدا دەخاتەڕوو، بەتایبەتی لەڕێگای شیکاری (دازاین)ەوە؟

2- بۆچی هایدگەر پرسی بوون وەک بابەتێکی بنەڕەتی فەلسەفە، بە لەبیرکراو لە فەلسەفە بەتایبەتی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا دەبینێت؟

## - بەشی یەکەم:- فەلسەفەی بوونگەرایی و بوونگەرایی هاوچەرخ

### ١.١- بوونگەرایی «الوجودیة» چییە؟

لە سەرەتادا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە تیۆرییەکی گشتی نییە هەموو بوونگەراکان پێوەی پابەند بن.

یەکەمین تایبەتمەندی فەلسەفەی بوونگەرایی، ئەوەیە کە لە (مرۆڤ)ەوە دەستپێدەکات نەک لە سروشتەوە، مرۆڤ بابەتی سەرەکییە لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، بەو مانایەی فەلسەفەی بوونگەرایی فەلسەفەی "خود"ە نەک "بابەت". خود لای فەیلەسووفی بوونگەرا بریتییە لە بوونەوەر بە تەواوی بوونییەوە، واتا ئەم بوونەوەرە بەتەنها خودێکی بیرکەرەوە نییە و بەس، بەڵکو کردەوەسازە و سەنتەری هەست و ویژدانیشە. Mackwarie,1972,18).)

کەواتە ئەوەی بوونگەرایی گوزارشتی لێ دەکا ئەم ڕەهەندە کامڵەی "بوون"ە کە ڕاستەوخۆ و بەرچاوانە لە کرداری "بوون" خۆیدا دەناسرێ. بوون بەو مانایەی کە ناشێ ئێمە "سروشتێک" یان "ماهییەتێک" بۆ مرۆڤ دیاری بکەین و پاشان لە بارەیەوە ئەنجامگیری بکەین، لە بنەڕەتیشدا هەر ئەم تێڕوانینە بوونگەراییانەیە کە خەسڵەتێکی ناجێگرانەی پێ دەبەخشێت.

بەم جۆرەی کە سارتەر تەعبیری لەم مەسەلەیەوە کردووە؛ دەڵێت: بوونی مرۆڤ پێش ماهییەتی دەکەوێت، پاشان دەڵێت: مەبەست ئەوەیە لەپێشداو بەر لە هەر شتێک مرۆڤ هەیە و، ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە و، دەچێتە ناو جیهانەوە، پاشان خۆی دەناسێنێت. (.(Sartre,1946,10,28

هەروەکو فەیلەسووفە بوونگەراکان دەڵێن، مرۆڤ کە پێناسە ناکرێ، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لە سەرەتادا هیچ نییە. ئەو ناتوانێت شتێک بێت، مەگەر دوایی ببێت، ئەوساش بەوشێوەیە دەبێت کە خودی خۆی خۆی دروست دەکات. بوونگەرایی یەکێکە لە قوتابخانە فەلسەفییە سەرەکییەکان کە هەوڵی ئەوە دەدات وەک ئەرکێکی بنەڕەتی لە بوونی مرۆڤ و ئەو مانایە تێبگات کە مرۆڤ دەیبەخشێت بە ژیانی خۆی. بوونخوازەکان

پێیان وایە خود (تاک) بەرپرسە لە هەموو شتێکی خۆی و خۆی گەشە بە داهاتووی خۆی دەدات، بە تەواویش خاوەنی بژاردەی سەربەخۆیە. بە دیدی فەلسەفەی بوونخوازی (بوونگەرایی) ، مرۆڤ بەهادارترین و بڵندترین فۆرمی بوونە کە تایبەتمەند و ئاگامەندە و لە بوونی خۆی و جیهان دەکۆڵێتەوە و دەیەوێت لە واتای "بوون" بگات.
فەیلەسووفەکان پرسیار لە مانای ژیان دەکەن و چۆن مرۆڤ مانا و ئامانجی "بوون" لە جیهانێکی ئاڵۆز و هەمەجۆردا بدۆزێتەوە بابەتی سەرەکیی هزری ئەوانی پێکهێناوە. لە بوونناسیدا، تاکەکەس بەرپرسیارە لە هەڵبژاردن و کردەوەکانی، و پێویستە مانا بۆ ژیانی خۆی درووست بکات لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەدەستی بهێنێت. (1956,11,58,Kaufman).

### ١.٢خەسڵەتە بنچینەییەکانی بوونگەرایی

ئەزموونی بونگەرایی واتە ئەزموونی زیندوێتی ژیان، و ئەم ئەزموونە بوونگەراییە، لە فەیلەسوفێکەوە بۆ فەیلەسوفێکی دیکەی بونگەرایی جیاوازە، لە لای یاسپەرس، ئەزموون لە شێوەی درککردنە بە (بوون)، لە لای هایدگەر، ئەزموون لە شێوەی ( هەنگاونانە بەرەو مردن)، بەم جۆرە فەلسەفەی بوونگەرایی، بەهۆی ئەزموونگەری ژیانەوە، بە شێوەیەکی گشتی، شێوازێکی تاکەکەسی لە خۆ دەگرێت.
بابەتی سەرەکی لە خودکردنی فەلسەفی لەلای بوونگەراکان (بوون)ە، لەسەر شێوەیەکی تایبەت بە بوونی مرۆڤ خۆی لەناو بووندا. بوونگەراکان وای دەبینن کە تەنها مرۆڤ خاوەنداری (بوون)ە، بەڵام ئەگەر ڕاستتر بڵێین، مرۆڤ خاوەندارێتی بوون ناکات، بەڵکو خۆی خودی خۆیەتی، خۆی بوونی خۆیەتی. زۆر بە کەمیش وشەی (مرۆڤ) بەکار دەهێنن، بەڵکو بە دەستەواژەی دیکە ئاماژەی پێدەکەن، وەک (هەبوو - بوون)، (من - خود).
بوونگەراکان بە شێوەی کرداریی چالاک دەڕواننە (بوون)، ( بوون پێکنایەت، بەڵکو لە ئازادیدا خۆی دەهێنێتە بوون) واتە (بوون) خۆی دێتە بوون، یاخود خۆی (ئەبێت). بوون هەردەم ناتەواوە، هەردەم وەک لە حاڵەتی دەستپێکردندابێت وایە، (بوون) دەستپێکردن و پێشوازیکردنە.

لەم ئاڕاستە کردارییەدا، بوونگەراکان مرۆڤ بە خودییەکی پەتی دەزانن، نەک شێوەیەکی دیار. هەروەها بوونگەراکان بە مانای "هێنەرەبوون" لە خود تێدەگەن. واتە مرۆڤ خۆی خۆی دەهێنێتە بوون، خۆی خودی خۆیەتی، خۆی ئازادی خۆیەتی. وێڕای ئەمەش لە لای بوونگەراکان مرۆڤ ڕاستییەکی ناتەواوو کراوەیە، مرۆڤ لە کرۆکی خودی خۆیدا، وابەستەی تەواوی جیهانی دەرەوەی خۆیەتی، بە تایبەت وابەستەی مرۆڤەکانی دیکەیە. Mackwarie,1972,34)).

هەموو بونگەراییەکان، جیاوازییکردن لە نێوان خود و بابەت ڕەت دەکەنەوە، بەهای زانینی هزریش لە بواری فەلسەفەدا کەم دەکەنەوە. وای دەبینن کە زانینی ڕاستەقینە لە ڕێگەی هزرەوە بەدەست نایەت، بەڵکو دەبێت مامەڵە لەگەڵ ڕاستی ژیاندا (واقع ـreality) بکرێت. ئەم هەڵسوکەوتە یان ئەم ئەزموونەش، بە تایبەت بە دوو دڵی دێتە کایەوە، یان بە تاقیکردنەوەی دڵەڕاوکێ، بەمەش مرۆڤ درک دەکات کە هەبوویەکی سنووردارو ناتەواوە، هەروەها درک بە بارودۆخەکەی دەکات لەناو جیهاندا، ئەم جیهانەی کە هەڵدراوەتە ناوی، لە کۆتاییدا درک دەکات کە هەنگاو دەنێت بەرەو مردن. (Mackwarie,1972,20,47).

**١.٣- بوونگەرایی لە سەدەی بیستەمدا (بوونگەرایی هاوچەرخ):-**

بوونگەرایی هاوچەرخ فکرێکی نوێی فەلسەفی سەدەی بیستەمە کە کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لەسەر کولتوور و فەرهەنگ و ژیانی تاک. ئەم بزاڤە دواتر قوتابخانەی تایبەت بەخۆی دادەمەزرێت و هەر یەک لە فەیلەسەوفانی وەک سۆرین کیرکەگارد و نیچە و سارتەر و هایدگەر و چەندەهای تریش دەگرێتەخۆ.

لە ڕاستیدا سۆرین کیرکەگارد (١٨١٣-١٨٥٥) بە باوکی بوونگەرایی نوێ دادەنرێ، ئەو یەکەم بیرمەندی ئەورووپییە پێی بوترێ بیرمەندی بوونگەرا (ئێگزیستانسیالیست). ( .(Sartre,1956,70,90نووسینەکانی کیرکەگارد لێکۆڵینەوەن سەبارەت بە مرۆڤ لەڕووی ناخو ناوەوەدا، و پێشتر تێفکرینی فەلسەفیانە ئەو شێوە دۆزانەی نەخستونەتەڕوو، چەمکەکانی "بوون" و

"تاکەکەس" و "مرۆڤی ئاوارتە" چەمکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی کیرکەگاردییان پێکدەهێنا، هەروەها "خودێتی" "subjectivity" و هەستیارێتی ببوونە پێوەری حەقیقەت و ڕەسەنایەتی لای ئەو( (Dim,1966,81

بەپێی ئەم بۆچوونە ئێمە تەنها لەو چرکەساتانەی بوونمان دەگەینە "ڕاستی" "Reality" کە چرکەساتی قووڵ و چڕن.

کرۆکی فەلسەفیی بنچینەیی ڕێبازی بوونگەرایی کە مەسەلەی بوونە بە بەرەنجامێکی سەدەی بیست دەژمێردرێ، ئەو سەدەیەی کە بە لەخۆبێگانەبوون (نامۆبوون) و نیگەرانی و تێکشکان و بێبەهایی نەریتەکان دەناسرێ. کارەکانی کیرکەگارد لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەرز نەنرخێنران، بەڵکو لە سەدەی بیستەمدا گرنگییان پێدرا. واتا گومان لەوەدا نییە کە کیرکەگارد بیرمەندێک بوو پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو، بەڵام یەکێک لە (کۆنترین) پرسیارەکانی کردە خاڵی (دەسپێکردن)ی ڕامانەکانی خۆی، کە ئەویش پرسیاری ("بوون" چییە؟ )یە،بە بۆچوونی کیرکەگارد نەک بە تەنها پێویستە هەموو کەسێک ئەم پرسیارە بکات، بەڵکو ناچارە کە ژیانی خۆیشی بە وەڵامێکی "خودی"ی ئەم پرسیارە بزانێت. ئەم پێداگرتنەی کیرکەگارد لەسەر "خودێتی" گرنگترین بەشداریکردنی ئەوە لە فەلسەفەدا.

فریدریش نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠) لە پێکهێنانی فەلسەفەی بوونگەرایی هاوچەرخدا بە ئەندازەی کیرکرگارد گرنگی هەیە. هەم هایدگەر و هەم یاسپەرزیش بە وردی سەبارەت بە فەلسەفەکەی نیچە نووسیوییانە و لە سەرهەڵدانی بوونگەرایی هاوچەرخدا بە کەسێتیی سەرەکییان لە قەڵەمداوە. لە مێژووی فەلسەفەشدا بە شێوەیەکی گشتی ، لەبەرئەوەی نیچە کۆتایی بە چاخی کلاسیک دەهێنێت لە فەلسەفەی خۆرئاوادا و دەبێتە ڕێنومابیکەرێک لە جیهانێکی نوێی نامۆدا کە جیهانی ئێستامانە. (.(Nietzcje,1901,40,52

کارل یاسپەرز (١٨٨٣-١٩٦٩) کە پزیشکێکی دەروونی بوو و گەورە بیرمەندێکی ئەڵمانییە لە پاش هایدگەر بە نوێنەری سەرەکی فەلسەفەی بوونگەرایی هاوچەرخ لە ئەڵمانیا دادەنرێ هەرچەندە خۆی ئەو نازناوەی ڕەتکردەوە، یاسپەرز بایەخێکی زۆری بەوەدا کە خۆی ناوی نابوو(

هەڵوێستە سنووردارەکان)ی ژیان. دەڵێ "لەم جۆرە هەڵوێستانەدایە کە حەقیقەتی باڵابوون transcendence لە بەردەمی مرۆڤدا واڵا دەبێت". Jaspers,1938,13,29))

هەروەها ناکرێت باسی فەلسەفەی بوونگەرایی بەتایبەتی بوونگەرایی هاوچەرخ بکەین بەبێ ئاوڕدانەوە لە فەلسەفەی بوونگەرایی فەرەنسی، هەرچەندە لقە نامەسیحییەکەی ئەم فەلسەفەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونگەرایی ئەڵمانی بەتایبەتییش بوونگەرایی هایدگەر، ئەم بوونگەراییە فەرەنسییە لای ژان پۆڵ سارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠) دەبینینەوە، لە زۆر ڕووەوە لە فەلسەفەکەی نیچەوە نزیکە. لەبەر ئەوەی ئەگەر جیهان بێ یەزدان بێت، مرۆڤ تیایدا جێی یەزدان دەگرێتەوە، مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی و باری هەموو جیهان لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، بەهۆی ئەوەی بەرپرسیارە بەرامبەر جیهان و بەرامبەر خۆی، بەوپێیەی شێوەیەکی "بوونە".

لە پاڵ سارتەریشدا، دەکرێ ناوی ئەلبێرت کامۆ(١٩١٣-١٩٦٠) بهێنین. کە پەرەی بە جۆرێک لە بوونگەرایی دا سەبارەت بە "پووچی" و "نامەعقول" "Absurd" بوو و واش وەسفی کرد کە دژی ئیمانە " "Anti-theistپتر لەوەی بێ ئیمان بێت. ((Camus,1942,75,93

لە کاتێکدا بوونگەرایی لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا تا ئەوپەڕی لە پەرەسەندندا بوو، شێوازی بیرکردنەوەی بوونگەراییانە جگە لەم دووە لە وڵاتی تریش پەیدابوو. بۆ نموونە بیرمەندی ئیسپانی میگیل دۆ ئۆنامۆنۆ (١٨٦٤-١٩٣٦)، و بیرمەندی ڕووسی نیکۆلای ئەلایکساندرۆڤیچ بێردیاییڤ(١٨٧٤-١٩٤٨). (احمد،١٩٩٦،٧٨،٤٤)

بەم جۆرە فەلسەفەی بوونگەرایی هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە،لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تێفکرینی مرۆی، وردە وردە فۆرمەلە بوو.

گرنگە ئاماژە بە جۆرێکی تر بوونگەرایی فەرەنسی کە شەقڵی شەخسیی وەرگرتووە، فەلسەفەکەی مۆریس بلۆندل (١٨٦١-١٩٤٩) ڕێی بۆ جۆرێک لە بوونگەرایی کەسگەرایی (الشخصانیە) خۆشکرد. بلۆندل لە کتێبی "کردار- L,action " دەڵێت :- خاڵی سەرەتا لە فەلسەفەدا نابێ لە 'من بیردەکەمەوە'دا بۆی بگەڕێین، بەڵکو لە 'من دەکەم'دا. (بلوندل،١٩٨٣،٢٠).

## ١.٤- کێشەکانی بوون (Ontology) و زانین (Epistemology)

کێشەی زانین { ئەپستمۆلۆجی} بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بە کێشەی بوون {ئەنتۆلۆجی} ەوە بەستراوەتەوە.

هەموو لافلێدانێکی زانین دەبێ گوزارشتێکمان بداتێ سەبارەت بەوەی هەیە و نییە، لە کاتێکدا هەموو گوزارشتدانێک لە واقیع لافلێدانی زانیینە، لەبەر ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەش زەحمەتە بزانین ئاخۆ ئەو قسەیە چ مانایەکی هەیە کە دەگووترێ زانین بەر لە بوون کەوتووە بە مانایەکی دیکە {ئەپستمۆلۆجی} پێش {ئەنتۆلۆجی} کەوتووە، یان بە پێچەوانەوە.

بەردەوام فەلسەفە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بووەتەوە.

لە سەردەمی تازەدا کێشەی زانین پێش خراوە، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە (دیکارت- لەڕووی ئەقڵگەرایی) و (لۆکیش- لە ڕووی ئەزموونگەرایی)ەوە جووڵەیەکی بە هێزییان بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لە بنچینەکانی زانین و تێگەیشتنی مرۆیی بەخشی.هەرچەند "کانت"یش بەر لە هەر شتێک لە مەرجەکان و سنوورەکان و ڕادەی ڕاستیی زانینی بە شێوەیەک کۆڵییەوە کە کاریگەری لە هەموو فەلسەفەکانی دواتری خۆی کرد. ئێمە ئەتوانین بە چی "یەقین" بزانین؟ ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتی بوو، کەسییش مافی ئەمەی نەبوو ( باوەڕی باو لای زۆرینە وابوو) بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە پرسیاری تر لە واقع بکات.

بەڵام بە سەرهەڵدانی "بوونگەرایی" ئەم نەزمە باوە ئاوەژوو بۆوە و گومان لە ڕەوایەتی و سەروەرێتی تیۆری زانین کرا کە بۆماوەیەکی زۆر درێژخایەن باڵا دەست بوو.

لە فەلسەفەی بوونگەراییدا بوونی مرۆیی خاڵی دەستپێکردنی دانپیانراوە. کە ئەمەش مانای "بیرۆکە"ی بوونی مرۆیی نییە، بەڵکو بوونی زیندوو کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەو پێیەی بوونەوەری مرۆیین پەیوەندیی پێوە دەکەین. لەبەر ئەوەی ئەم فەلسەفەیەش لە واقیعەوە کە (بوونی مرۆییە) دەسپێدەکات، بۆیە کێشەی زانین دوای ئەو سەرهەڵدەدات و بە دوای کێشەی

بووندا دێت و، هەروەک هایدگەر دەڵێت''زانین جۆرێکە لە بوون کە سەر بە "بوون -لە- جیهاندایە". پاشان لە سەری دەڕوات و دەپرسێت کە ئاخۆ ئەم دەستەواژەیە کێشەی زانین ڕەت ناکاتەوە ، واش پێدەچێت کە بە مانایەک لە ماناکان ڕەتیکردبێتەوە. (نیکفر،٢٠١٣،٤٣،٧٥)

یەکەم هەنگاویش کە دیکارت لە ئەنجامگیرییەکەی نای، عادەتەن وا سەیرکراوە کە بەهێزترین پاساو هێنانەوەیە لە فەلسەفەدا، کە دەڵێت ("من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" "cogito,ergo,sum" گومانی قووڵیشم جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە بەڵگەیە لەسەر بوونم) (Descartes, 1637, 22).

بەڵام فەیلەسووفە بوونگەراکان ڕەخنە لەم پاساوە کلاسیکییە دەگرن و بە ئەبستراکت وەسفی دەکەن، من لە بنەڕەتدا خودێکی بیرکەرەوە نیم، بەڵام من بەر لە هەموو شتێک بوونەوەرم، بوونیش شتێکی زۆر فراوانترە لە بیرکردنەوە و پێش ئەویش دەکەوێت.فەیلەسووفە بوونگەراکان دەیانەوێت ئەم پاساوە هەڵاوگێڕبکەنەوە و بڵێن :"من هەم، کەواتە من بیردەکەمەوە". بەڵام مەبەستی چییە کە دەڵێت: "من هەم"؟، مەبەستی لەوەیە کە من بە شێوەیەک هەم دەتوانم خودی خۆم تێپەڕێنم..

بەڵام ئەوەی کە لە چەمکی بووندا شاراوە بوو، لە باسکردندا بۆ جیهان و بوونەوەرانی تر ڕوونتر بۆوە. ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هیچ بوونێکی مرۆیی نییە بە بێ جیهان و بەبێ بوونەوەرانی تر.ئەمەش لەمەدا ڕوون دەبێتەوە کە ناسینی جیهان و ناسینی ئەوانی تر بەبێ "بوون" مومکین نییە. بوونی تۆ بە تەنها مانای ئەوە نییە کە تۆ جەستەیەکت هەیە، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت کە تۆ جەستەیت و لەڕێی بوونتەوە وەک دەستەیەک ئیدراکی هەستی و (هەست و سۆز) و توخمە پێکهێنەرەکانی تری "مەعریفە"ت دەبێت، کاتێ بە بوونەوەرێک دەڵێین جەستەیە، واتا یەکەیەکی دەروونی- جەستەییە. دیسانەوە فەیلەسووفی بوونگەرا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لە دوالیزمی دەروون و جەستە دەستپێدەکات.

## ٢-بەشی دووەم:- شیکردنەوەیەک بۆ چەمکی «بوون»

### ٢.١- مانای «بوون» چییە؟

پرسی بوون" تەوەری بیرکردنەوەی گەلێ لە فەیلەسووفان بووە لە ڕابردوودا. لە ڕاستیدا، بەرلەوەی سوکرات و ئەفلاتوون توخمی ئەقڵانیەت بهێننە ناو فەلسەفەوە، فەیلەسووفان لەگەڵ "مەسەلەی بوون"دا دەستەوئێخە ببوون و پرسیاری ئەوەش کە مانای زیندووبوون چییە و بوون چی دەگەیەنێت، زۆربەیانی سەرسام کردبوو.(1972,17,36,Mackwarie).

یەکێک لە کێشە گرینگ و سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی بریتییە لە بنەڕەتی بوون، ئەم کێشەیە لە بنەڕەتدا لەگەڵ فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفەدا بوونی هەیە.هەر لە سەرەتاوە شوێنکەوتووانی بیرکردنەوەی فەلسەفی هەوڵییان داوە دوورترین و بنەڕەتیتر بدۆزنەوە، بنەڕەتەکەشییان بە بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەر داناوە، لە پاش ئەرستۆوە گەڕان بەدوای بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەردا بە مێتافیزیک ناسراوە ، لە مێتافیزیکی هایدگەردا بنەڕەتی لە بنەڕەرت بە دەر زەمینەی هەموو شتێکە، بوونی هەموو شتێک لەسەر ئەم زەمینە ڕادەوەستێت و لە زەمینەکەی دادابڕێت، یان زەمینەکە ڕاستەقینە و بوونێکی بەرز و ژوورتری نییە."بێ بنەڕەتی" ئەم "بنەڕەت"ەش سەرەنجامێکی زەروورییە. پرسی «بوون» هەر لە سەدەکانی پێش زایینییەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پرسێکی ئاڵۆز بووە هەم لای فەیلەسوفان و پیاوانی ئاینی و زاناکانیش کە تا دەگاتە سەردەمی ئەمڕۆمان، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە گەڕان بەدوای «بوون» و بنەڕەتەکەی، و ماناکەی، کاڵ بووەتەوە، کەمتر جێی سەرنج و بایەخی فەیلەسووفان بووە، هەر ئەمەش وای لە هایدگەر کرد کە بە قەیرانێکی فەلسەفی ناوزەندی بکات. بۆ نموونە لەلای فەیلەسەفانی یۆنانی کۆن «بوون» کردەی بوونێکی باڵاترە کە ئەوان زیاتر ئەم ڕێگە بیرکردنەوەیان لە ئەفسانەکانەوە وەرگرتووە. لە لایەکی ترەوە ئاینە جیاوازەکانی وەک ئاینە هیندۆسیەکان و مەسیح و ئیسلام سەرچاوەی «بوون» دەگەڕێننەوە بۆ بوونێکی باڵاتر و بە دەسەڵات ڕەها و بێخەوش،

> هەموو کار و کردەوە و ڕووداوەکانیش پەیوەستن بەو «بوونە بالا»یەوە. (علی،١٩٩١،٢٣،١٩).

کرۆکی فەلسەفەی بوونگەرایی گەڕانەوەیە بۆ بوونی تاک وەک سەنتەر لە ناو ژیاندا واتا خاڵی سەرەکی بابەتی فەلسەفەکە بوونی ئینسانی و هەموو ئەو حاڵەت و بابەتانەیە کە پەیوەستە بە تاکەوە، بزاڤی بوونگەرایی مانیفێستکردنی ئازادی تاکە و گرینگیدانە بە فەردیەت و گەڕانەوە بۆ پرسیارە وجوودیەکان.(محمد،٢٠٢٤،٣٠). یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی قوتابخانەی بوونگەرایی گرنگیدانە بە پرسی «بوون» و «ماهیەت» کە مشتومڕێکی مێژوویی لەسەرە، هەر لە فەلسەفەی یۆنانیەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، باسەکەش لێرەدا گرینگیدانە بەم پرسە لە فەلسەفەی بوونگەرایی و بە تایبەت لای مارتین هایدگەر. لەسەرەتادا لای فەیلەسەوفانی وەک ئەفلاتون و ئەرستۆ و ئایینە ئاسمانییەکان بڕوایان وایە کە (ماهییەتی مرۆڤ پێش بوون)ی دەکەوێت، بە واتایەکی تر مرۆڤ پێش ئەوەی بوونی خۆی لە دنیادا، چارەنووسی بۆ دیاری کراوەو ئەرکی ئەم تەنها گەڕانە بەشوێن ئەم چارەنووسەی کە پێشوەختە بۆی نووسراوە، ئەمەش بووەتە باوەڕێکی بنەڕەتی لای (مرۆڤ) و ماهییەتەکەی پێش بوونی خۆی کەوتووە! بەڵام ئەگەر بنەڕەت بە (بێ بنەڕەت) دانەنرێت و بوونێکی دیکە لە پێش ئەم بنەڕەتەوە هەبێت ئەوا ئەم بنەڕەتە بە ڕاستییەکی لە پێشتر و لە بنەڕەت بەدەر دانانرێت.. لە بنەڕەت بەدەری پێش مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی ئەو بنەڕەتە.بنەڕەتی لە (بنەڕەت بەدەر) جگە لەوەی نابێت بنەڕەتێکی لەپێشتری هەبێت، پێویستە بنەڕەتی هەموو هەبوویەک بێت. هەبووەکان بەبێ ئەم بنەڕەتە نابن و بیریشییان لێ ناکرێتەوە، تەنانەت نەبوونی ئەوانیش لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنەڕەتەدا دەناسرێت. لەم ڕووەوە بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەر لە هەموو شتێک زیاتر گشتگرە و بناغەی هەمووشییانە. ئەوەی لە هەموو شتێک گشتگرترە تەنها «بوون»ە. کە هەموو شتێک لەسەری ڕادەوەستێت و لەبەر ئەو هەیە، بوونی هەموو شتێک ڕاستەقینەیەکی لە پێشترو بنەڕەتی ئەو شتەیە. (محمد،٢٠١٢،٤١).

لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا، بەو جۆرەی هایدگەر ئاماژەی بۆ کردووە، تێگەیشتن لە «بوون» و ڕاستی بوون بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:

1- له قۆناغی یەکەمدا، یۆنانییەکان لەمەڕ ئەو بنەڕەتە دوواون «بوون»یان بە (هیچ شتێک) و (هەبوویەک) دانەناوە. «بوون» بۆ ئەوان ئەو ڕاستییە بوو کە لە هەموو شوێنێکدا خۆی دەرخستووە، و بەرجەستە بووە. ئەو بۆچوون و تێگەیشتنە لە واتای بوون ، بە تایبەتی لای پارمەنیدس و فێرگە فەلسەفییەکەی، کێشەیەکی هەرە گرنگی فەلسەفە بووە.

پاش ئەم قۆناغە لەگەڵ سەرهەڵدانی نەریتی مێتافیزیکی ئەفلاتوون و سەرهەڵدانی شارستانییەت و ڕۆشنبیری ڕۆماندا، ڕاستی و واتای ئەو بوونە خرایە پەراوێزەوەو لە بیرچووەوە. لە بری «بوون»، هەبوویەک کە خۆی پێویستی بە بوونە بۆ ئەوەی هەبێت، بەو ڕاستییە و بنەڕەتە لە ژوور هەبووەکانی دیکە دانراوە. ڕۆمانییەکانیش لەبەر کاریگەرێتی ئەم شێوە مێتافیزیکەدا زمانی فەلسەفی یۆنانییان وەرگێڕایە سەر زمانەکەی خۆیان و زۆر زاراوەی گرنگ، واتاکانییان جیاوازتر لێکدراوەتەوە.

2- بیرکردنەوەی فەلسەفی لە قۆناغی دووەمەوە و لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە هەوڵی داوە لەو کلاوڕۆینییەوە بڕوانێتە ڕاستی بوون.بەشێک لە بوونی بە بنەڕەت و بەرز داناوە. هاوکات، ئەو بنەڕەتەی لە کاریگەرێتی کات و گۆڕانکارییەکان دوورخستووەتەوە و بە ڕاستییەکی چەقبەستوو و هەمیشە نەگۆڕ داناوە.. پاش ئەفلاتوون ئەم نەریتە بەبەردەوامی ماوەتەوە و هەر جارە بەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بۆچوونە مێتافیزیکییەکەیدا دەستکاری کراوە. ئەرستۆ (بیری چاکەی ڕەها)، ئەفلاتوون بۆ (سەردەمی هۆشەکی) یان ( جووڵێنەری یەکەم) گۆڕیوە و لە کلتووری ئایینی ڕۆژئاوادا لە سەدەکانی ناوەڕاست ئەم لایەنە بەرزەی «بوون» بووە بە (خوا).(قاضی،١٩٨٣،٦٠)

3- قۆناغی سێیەم، واتە لە سەردەمی تازەگەرییشدا ئەم نەریتە بەردەوام مایەوە و بوو بە نەریتی دێکارتی، و دوا فەیلەسووفیش نوێنەرایەتی ئەم شێوازە مێتافیزییکییە بکات و ئاوڕی لە (بوون) نەداوەتەوە و ڕاستی «بوون» بۆ لایەنێک نەک هەموو بگەڕێنێتەوە «نیچە»یە.(1957,84,Mackwarie)

هایدگەر لەبیرچوون و دەسهەڵگرتن لە «بوون» بە پووچگەرایی (Nihilism) دادەنێت، لە پووچگەرایی «بوون» بە «هیچ» دادەنێت و ئاوڕ لە لایەنێکی بوون دەدرێتەوە و ئەم لایەنە بە (ڕاستی) دەخوێنرێتەوە.

4- سەردەمی ئەمڕۆش، بریتییە لە قۆناغی چوارەم، لە ژێر کاریگەرێتی هەمان نەریتی (نیچەگەرایەتی) بە دەزگای تەکنەلۆژیا و بیرکردنەوەی ماتماتیکی، خۆی سەقامگیر کردووە. لە نێو ئەم بارودۆخەدا کە (جیهانێکی تاریک)ی پێکهێناوە، جیهانێک تێیدا هەموو (ئازادی و داهێنانک بە ناشرین دەبینرێت) بیرکردنەوەی فەلسەفی و بوونی مرۆڤیش خراوەتە پەراوێزەوە، لێرەوە ئەشێین وەڵامی پرسیاری یەکەم وەربگرین، بەوەی مەبەستی سەرەکیی پڕۆژەکەی هایدیگەر لە کتێبی بوون و کاتدا، دۆزینەوەی مانای «بوون»ە بە گشتی، ئەوەی بە شوێنیدا وێڵە سیستمێکی "ئۆنتۆلۆژیی بنەڕەتییە" (Fundamental Ontology)، نەک "ئۆنتۆلۆژی بەشێک یا جۆرێک لە بوون". ئەم سیستمە بە بنەڕەت دادەنرێت، چونکە «بوون» بنەڕەتی هەموو جۆرە بوونەوەرێکە، هەر شتێک هەبێت، جا گرینگ نییە جەوهەرێکی گیانەکی بێت یا ماتەریالی، ئەبێ خاوەنی بوون بێت و لە بنەڕەتدا بوونێکی هەبێت. چونکە «بوون» بنەڕەت و بنچینەی هەموو جۆرە ڕاستەقینەیەکە، بەبێ «بوون» ڕاستەقینەش نابێت. بوون ناخرێتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵەنەوەیەکی زانستییانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی «فەلسەفە»وە ئەتوانین لە ماناکەی بکۆڵینەوە.( کەمال،٢٠٢٢،٢١٢).

بوون لای هایدگەر هەمان جیهانە فۆرمالیستییەکەی ئەفلاتوون و نۆمینۆی کانت نییە، چونکە هایدگەر بڕوای بە ڕاستەقینەی بەرز و ترانسێندەنتاڵی Transcendental بە چەمکێکی نەریتانەی مێتافیزیکی نییە. ئەم بوونە چییە؟ کە هایدگەر بە دوای ماناکەیدا وێڵە، تەنانەت هایدگەر ئەم پرسیارە لە خۆی دەکات و دەیەوێ ماناکەیمان بۆ ڕوون بکاتەوە..

**٢.٣- بوونیادە سەرەکییەکانی «بوون»:-**

کاتێک وشەی "بوون"مان بەسەر بوونی مرۆڤدا دابڕی، پاشان ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کە ئایا تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرەی «بوون» چین؟ و چۆن لە جۆرەکانی تری بوون وەکوو: شاخ و ڕووەک و گیانەوەر و شتی تر، جیا دەکرێنەوە؟

بە لایەنی کەمەوە دەبێت باسی سێ تایبەتمەندی بکەین:

١- فەیلەسووفە بوونگەراکان لەڕووی زەمانەوانییەوە وا سەیری زاراوەی «بوون» دەکەن کە دەلالەت لە "دەرکەوتن" بۆ دەرەوە "Standing out" دەکات.ئەوە ڕاستە کە هەموو بوونەوەرەکان هەن، بەو مانایەی لە هیچەوە "دەرکەوتوون"، بەڵام مرۆڤ بە مانایەکی دوورتر لەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو لە نێو هەموو ئەو بوونەوەرانەدا کە دەشێ سەرنجییان بدەین لەسەر گۆی زەوی، تاقە بوونەوەرە کە نەک هەر وەکو بوونەوەرێک "دەردەکەوێت"، بەڵکو بە هوشیارییەوە دەزانێ کێیە و چییە و کێ دەبێت و چی دەبێت.ئەم بیرۆکەیەش ئاماژە بۆ مانایەکی گرنگتر دەکات لە دەستەواژەی "دەرکەوتن بۆ دەرەوە-Standing Out"،چونکە مرۆڤ بە بەراورد بەو حاڵەتەی کە لە هەر ساتێکدا تیایەتی ، بەردەوام دەردەکەوێت، یان دەردەچێت.هەروەها دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ لە بوونیدا "باڵاڕەو" " Transcendent "ە، بەبێ ئەوەی وشەی باڵاڕەوی لێرەدا مانایەکی تیۆلۆژیی هەبێت، ئەمە وشەیەکە کە " سارتەر"یش وەختێ سەبارەت بە مرۆڤ دەدوێت، بەکاریدەهێنێت، قسەکردنییش سەبارەت بە "باڵاڕەوی"ی مرۆڤ دیسانەوە مانای ئاماژەکردنە بۆ ئەو حەقیقەتەی کە دەڵێت مرۆڤ لەهەر ساتێکدا ئەو حاڵەتەی خۆی تێدەپەڕێنێت کە تیایەتی. کەواتە یەکەمین تایبەتمەندیی بنەڕەتیی بوونی مرۆیی، سروشتە ناجێگیرە، هەڵچووە، باڵاڕەوەکەیەتی.

هایدگەر دەڵێت ماهییەتی مرۆڤ لە بوونیدایە، بەڵام سارتەر دەڵێت بوون پێش ماهییەت دەکەوێت، ئەمەش جیاوازی هزری ئەو فەیلەسوفانە نیشان دەدات.

٢- دووەم خەسڵەتی سەرەکیی بوونی مرۆیی "دانسقەیی" "Uniqueueness"ی بوونی مرۆییە، چونکە ئەو شتێکی بێ ئەقڵ نییە تا

کاتێ باسی دەکەین بە ئەو “It” ناوی بهێنین، بەڵکو ئەو بوونەوەرێکە دەڵێت “من”.. کاتێکیش بە ڕاناوی یەکەم قسە دەکات، هەر لافی ئەوە لێ نادات کە پێگەیەکی دانسقە و ڕوانگەیەکی دانسقەی لە جیهاندا هەیە،بەڵکو لە ڕێی ئەم ڕاناوەوە ئاماژە بە بوونەوەرێکی دانسقە “ Unique Being”ش دەکات. هەندێک لە فەیلەسووفان، هەندێ جار وشەی Mineness ( تایبەتمەندیی خود)یان بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە هوشیاری. دانسقەبوونی ئادەمیزاد لەو هەستەیدایە کە خاوەنی تایبەتمەندێتیی ئەو بوونەیە کە خۆی دەناسێت بەوەی کە “من”ە و لە دونیایەکی بچکۆڵەکراو ( مایکرۆکۆزم Microcosm) یان لە (مۆناد Monad) ( گەردیلەی ڕۆحی) دەچێت، وەک “لایبنیتر” ناوی دەنێت، کە سەنتەرێکی دانسقەیە و لە هیچ بوونەوەرێکی تر ناچێت و، تەنیا و دابڕاوە لەوانی دی، بەڵام بە مانایەک لە ماناکان جیهان دەگرێتە خۆی و جیهانیش ئەو دەگرێتە خۆی، کاتێک دەڵێم من ئەم “من“ەم، “یەکێکی تر” نیم.

٣- سێیەم تایبەتمەندی سەرەکی “پەیوەست بوونە بە خودەوە -Self Relatedness”، ئەمەش تایبەتمەندییەکە بەرەنجامی ئەو خەسڵەتانەی پێشووە کە ئاماژەمان پێدان. ئەوەمان زانی کە بوونەوەری مرۆیی وەکو کەسێکی دانسقە بە ڕێگای خۆیدا دەڕوات. ئەو یان خودی خۆیەتی ، واتە ئەو بوونەوەرە دانسقەیەی کە لە جیهانی شتەکان دەردەچێت و لە هەر حاڵەتێکی پێدراو دووردەکەوێتەوە، یاخود خودی خۆی نابێت و لە ناو جیهانی شتەکاندا دەتوێتەوە ( وەک هەر شتێکی تر) و بۆ هیچ شتێکی خۆی بڕیار نادات، بەڵکو فاکتەرەکانی دەرەوە بڕیاری هەموو شتێکی بۆ دەدەن.هەندێ لە بوونگەراکان ئەم دوو توانایە ( ئەم دوو ئیمکانە) ناو دەنێن بوونی ڕەسەن Authentic و بوونی ساختە یا ناڕەسەن Inauthentic. (Mackwarie,1972)

### ٢.٤- هەندێ لە بوونگەراکان چۆن لە چەمکی «بوون» گەیشتوون؟

وەک ئەوەی لەباسکردنی بوونگەرایی هاوچەرخدا ئاماژەمان بە کیکەگارد کردووە، ئەوەمان زانی سۆرین کیرکەگارد (١٨١٣-١٨٥٥) بە باوکی

بوونگەرایی نوێ دادەنرێ، ئەو یەکەم بیرمەندی ئەورووپییە پێی بوترێ بیرمەندی بوونگەرا (ئێگزیستانسیالیست). (1966,81,H.D)

وەک فەیلەسووفێکی بوونگەرا، لای ئەو چەمکی «بوون» Existence لە بنەڕەتدا مانای بوونی بەرچاوی دانسقەی کەسێتیی بوونەوەری مرۆیی دەبەخشێ.

هەروەها دکتۆری دەروونی و گەورە بیرمەندی ئەڵمانی یاسپەرزیش، لە بەرهەمێکی گرنگی خۆیدا کە خودی خۆیشی بە کارە فەلسەفییە هەرە مەزنەکەی خۆی تەماشای دەکرد لە ساڵی ١٩٣٢ چاپ و بڵاوی کردەوە، ئەویش کتێبی "فەلسەفە" بوو، لە سێ بەرگ پێکهاتووە بەرگی سێهەمییان ناوی ( ڕۆشنگەرکردنی "بوون")بوو. (یاسپرز،١٩٥٩،٢٤)

لای یاسپەرزیش، بوون جۆرێک نییە لە بوون بە کردەوە، بەڵکو بوونێکی هێزەکی (وجود بالقوة)یە، واتا نابێ بڵێ من "هەم" بەڵکو دەبێ بڵێ من بوونێکی مومکینم. واتا بوون لای یاسپەرز و کیرکەگارد هاوشێوەی زۆرێک لە بوونگەراکان بە مانای وەدیهاتنی بوونی مرۆڤ دێت.

لە کاتێکدا کرۆکی توێژینەوەکەمان ڕووی لە فەیلەسووفی بەناوبانگ و شۆڕشگێڕی ئەڵمانی مارتن هایدگەر (١٨٨٩-١٩٧٦) کردووە، کە شاکارەکەی (بوون و کات ١٩٢٧)ی ئەو، بە گەورەترین شاکاری ناسراوی هایدگەر و گەورەتریین شیکردنەوە بۆ بوونی مرۆیی کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی بوونگەرایی ئەنجامدرابێت دادەنرێت.، و وەک سەرچاوەی بوونگەرایی سەدەی بیستەم سەیر دەکرێت. (1959,20,Hidegger)

بۆ ژان پۆڵ سارتەر بوون هەستکردنە بە سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی، بەبێ ئەوەی چارەنووسێکی پێشوەختەی هەبێت، مرۆڤەکە خودی دەبێت، بەگوێرەی سارتەر سەنتێزی «بوون» بۆ خۆ -بوون لەناوخۆدا (خودا)یە.. ئەو پێیوایە مرۆڤ پێش ئەوەی ماهیەتی هەبێت بوونی هەیە واتا ماهییەتی مرۆڤ دوای بوونی دێت.(1962,73,Hidegger). سارتەر فەیلەسووفێکی بوونگەرایی فەرەنسییە تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە تێکەڵیەکی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هۆسێرل و فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی مارتن هایدگەر، پێشکەشکرد و سەرەنجامیش کتێبە بەناوبانگەکەی (بوون و نەبوون)ی لێهاتە

بەرهەم.
لای سارتەر فەلسەفەی بونگەرایی دەبێت بە دوو بەشەوە:( بونگەرایی مەسیحی کە نوێنەرەکانی بریتین لە: گابرێل مارسێل و کارل یاسبەرز)، لەگەڵ( بونگەرایی بێباوەڕدا کە نوێنەرەکانی بریتین لە مارتن هایدگەر و سارتەر خۆی) و چەند فەیلەسوفێکی تری فەرەنسی. (1946,290,Sartre)

## بەشی سێیەم:- هایدگەر و بوژاندنەوەی پرسی «بوون»

### ٣.١- مارتن هایدگەر (Martin Heidegger) و فەلسەفەکەی

مارتن هایدگەر(Martin Heidegger) بلیمەتی فەلسەفەی ئەڵمانی و ئەوروپا (١٨٨٩-١٩٧٦) لە شارۆچکەیەکی بچووکی باشووری ئەڵمانیا لە خێزانێکی کاسۆلیکیدا لەدایکبووە، هەربۆیە لە سەرەتادا لە بواری ئیلاهیات، دەستی بە خوێندنی ئەکادیمی کردووە بەنیازی ئەوەی ببێت بە قەشە، لەساڵی ١٩٠٩ لە زانکۆی فرایبۆرگ وەک خوێندکاری ئیلاهیات لە ژێر کاریگەری پەروەردەی کاسۆلیکی و ئارەزووی بۆ ئایین دەخوێنێت، بەڵام بەهۆی گومانی کەسی و هۆکاری تەندرووستی، هایدگەر لە دەوروبەری ساڵی ١٩١١دا واز لە خوێندنی ئیلاهیات دەهێنێت و ڕوو دەکاتە فەلسەفە، و خوێندنی فەلسەفە و لۆژیک و بیرکاری و زانستە سروشتییەکان، زیاتر سەرنج دەخاتە سەر دیاردەناسی، بەتایبەتی لەژێر کاریگەری بیرمەندانی وەک فرانز برێنتانۆ و ئێدمۆند هۆسرل. گواستنەوەی لە لاهووتییەوە بۆ فەلسەفە سەرەتای پەیوەندی نەپساوی ئەو بوو لەگەڵ پرسیارەکانی وجوودییەت و بوون، کە بوو بە سەنتەری کار و فەلسەفەی ژیانی هایدگەر.
بە قووڵی کەوتووەتە ژێر کاریگەری مامۆستاکەی، (ئێدمۆند هوسەرل )کە دامەزرێنەری (فینۆمینۆلۆژیا) دیاردەناسیی بووە. هایدگەر وانەی بە هانا ئارێنت، هانس جۆرج گادامر و هێربێرت مارکوزە و هتد... گووتووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٧ کاریگەرترین بەرهەمی خۆی بە ناوی بوون و کات ( Sein und Zeit) بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە خاڵی بە وەرچەرخان لە فەلسەفەی مۆدێرن دادەنرێت.

هایدگەر جیا لە فەیلەسووفانی پێش خۆی بە دەر لەوەی سەرنجی لەسەر مەعریفە، لۆژیک، یان ئەخلاق و جوانی بوو، بە پرسیاری: «بوون مانای چییە؟» و بنەڕەت و مانای (بوون)ی ژیاندەوە، ئەو پێی وابوو کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا ئەم پرسیارەی لەبیر کردووە و، لە کاتێکدا گەڕان بەدوای (بوون چییە؟) ئەرکی سەرەکی فەلسەفەیە.

لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ هەر لە شاری فرایبۆرگ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، بەڵام لە جیهانی فەلسەفیدا بە ڕۆحێکی نەمر ماوەتەوە. بەرهەمەکانی بە تایبەت بوون و کات، مانای بە "بیرکردنەوە" بەخشی لە سەدەی بیستەمدا.

هزری هایدگەری و کاریگەرییەکەی نەک تەنها لە فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی بوونگەراییدا بەڵکو لە هێرمێنۆتیک و ئیلاهیات و ئەدەب و هونەر و چەندین بابەتی تردا بەردەوامی هەیە.

فەیلەسووفی ئەڵمانی لە هەمان کاتدا ناسراو بە شۆڕشگێڕی ئەڵمانی، مارتن هایدگەر شۆڕشەکەی لە ئەنتۆلۆژی(زانستی بوون) دەبێتە پێناسەی فەلسەفەی سەدەی بیستەم. (رفیعی،٢٠١٥،٤٥،١٥).

لە بەرهەمە سەرەکییەکەیدا (بوون و کات-١٩٢٧) ئاماژەی بەوە داوە کە مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی لەدوای ئەفلاتوونەوە پرسی بوونی لەبیرکردووە، ئەمەش وای لە هایدگەر کرد بانگەشەی قەیرانێکی هزری- واقعی بکات کە ناوی لێناوە (لەبیرکردنی بوون). ڕەخنەگرێکی ڕادیکاڵ بووە، (رحیمی،١٩٧٥،٢٨٨). (لەبیرکردنی بوون)ی وەک شکستێکی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەقەڵەمداوە، لە هەمانکاتدا ڕووی ڕەخنەکانی لە تەکنەلۆژیا بەتایبەتی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، کە پێیوابوو جیهان بەرەو ئاراستەیەک دەبا، کە ماناداریێتی لێ دەسەنێتەوە. هایدگەر بە بگۆڕی فەلسەفەی سەدەی بیستەم دادەنرێ، بە بوێرییەکەی بۆ گەڕانەوە بۆ پرسیارە سەرەکییەکەی فەلسەفە دەربارەی( بوون).

لەڕێگای شیکاری وجوودییانەی خۆیەوە بۆ بوونی مرۆڤ ئاراستەیەکی نوێی بوونگەراییانەی لە فەلسەفەدا دروستکرد، لە بەردەوامیدان بە بیرکردنەوە و چۆنیەتی تێگەییشتن لە حەقیقەت و بوون و کات و مانا. لە سەرەتادا هایدگەر کاری لەسەر "بوونی مرۆڤ" کردووە و دواتر کاری لەسەر "بوون" بەگشتی کردووە و ویستوویەتی لە ڕێگای شیکارییەکانیەوە لەسەر "بوون" بگاتە واتای "دازاین" و بوون بەگشتی. ئەمەش بە یەکەم خاڵی جیاکەرەوەی نێوان خۆی و سارتەر دادەنرێت. لە سەرەتادا هایدگەر چەمکی "واتای بوون" بەکار دەهێنێت؛ بەڵام لە نووسراوەکانی دواتریدا چەمکی "ڕاستیی بوون"ی بەکار هێناوە. هۆکاری ئەمەش بۆ 'واتا" دەگەڕێتەوە کە زۆرتر خودی و کەمتر بابەتییە. لەڕاستیدا پرۆژە ئەنتۆلۆجییەکەی هایدگەر تێگەیشتنە لە "ڕاستیی بوون".(جمشیدی،٢٠١٣،١١٠،٦٥).

**٣.٢- کێشەی لەبیرکردنی «بوون» هایدگەر و شکستی فەلسەفە لە ئەوروپا**

لە ساڵی ١٩٢٧دا هایدگەر کە یەکەم شا بەرهەمی فەلسەفی خۆی بە ناوی « بوون و کات» ( Sein and Zeit)بڵاوکردەوە ، بەو نیازەی وەڵامی ئەو پرسیارە هەرە گرینگە بداتەوە، "بوون چ مانایەکی هەیە؟" کە لەمرۆدا کارێکی زۆری کردووەتە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بوونی مرۆڤدا ئەنجامدراون لە پاش تازەگەرییەوە.. بە دیدی هایگەر، بیرەباوەڕی فەلسەفیی ئەوروپا تووشی دوو شکست و کەم و کورتی هاتووە، یەکەم: بۆچوونە مێتافیزیکییەکان هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە و گەڕان بە دوای هۆکارێکی هۆشەکیی بڵند و لە ماتەر بەدەر و نەناسراو یان نادیار مرۆڤی ئەوروپای توووشی بێهودەیی و شکست کرد، لەبەر ئەم هۆکارەش مرۆڤی ڕۆژئاوا ڕووی کردە زانست و لێکۆڵینەوە لەسەر سروشت و لە لێکۆڵینەوەکانیشییاندا هەر گەڕان و بۆچونێک زانستانە نەسەلمێندرابایە ئەوا مۆری خورافات و بێکەڵکی و پاشکەوتوویيان لێ دەدا لە مۆزەخانەی مێژوودا دایاندەنا. دووەم، بریتی بوو لەوەی فەیلەسوفەکان لە پاش ئەرستۆوە خۆیان لە ڕاستەقینەی بنەڕەتی "بوون" دوورخستەوە و زیاتر بە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتە سەردەستییەکان خەریک بوون، و بابەتی بوون و پرسیاری بوون

فەرامۆشکرا، هەر ئەمەشە کە وای لە مارتن هایدگەر کردووە کە ناوی بنێت شکست یان قەیرانی فەلسەفە لە ئەوروپا. (1927,306,Hidegger).

سەرهەڵدانی ئەم جیهانە تاریکەی ئێستاش، ئاکامی لەبیرچوون و وازهێنانە لە ڕاستی بوون. نامۆ بوونە لە ڕاستی، کە مرۆڤ تووشی بارودۆخێکی خنکێنەر دەکات و ڕێگە نادات (پرسیاری مەزن) و ڕەسەنانە بکات و لە واتای بوون بکۆڵێتەوە.. سەردەمی تەکنەلۆژیا نامۆیە و و سەردەمی پرسیار نەکردنە. دابڕانی بیرکردنەوەی فەلسەفە لە بابەتە بنەڕەتییەکەی، کە لێرەدا بووە بە لە بیرچوون و بە پەراوێزکردنی بوون یان بە (هیچ ) دانانی بوون، بە شێوەیەکی تر لەلای (هیگڵ) باسکراوە. (ابراهیمی،٢٠٠٣، ٥٧). بۆ ئەم بڕیارەش دابڕانەکە نامۆبوونی ئاگامەندییە لە بابەتەکەوە، کە لە ئاکامی توێژینەوە ئەپستمۆلۆجییەکەی (کانت)ەوە سەری هەڵداوە. (فولاندور،٥٠٧،١٩٩٩). ئەم نامۆبوونەش بۆتە هۆی شاردنەوەی ڕاستی.ئەگەر ئاگامەندی لە ڕاستی بوون دابڕێت و نەتوانێت بیناسێت ڕۆڵێکی کردەگی لە گۆڕانی خۆی و داکەوتەکەیدا نابێت. ئاگامەندییەکی نامۆ و ڕاستینەناس دەسەڵاتێکی گۆڕانکاری ون دەکات و لەنێو بارودۆخی (ڕووخان)دا دەژی. کەوابوو، کاتی ئەوە هاتووە سەرەتایەکی نوێ بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی بدۆزینەوە تا لە نامۆیی و ڕووخان ڕزگار بکرێت. سەرەتایەک کە خۆی بە پرسیارە مەزنەکانەوە ماندوو بکات و وەڵامییان بداتەوە. پرسیاری مەزنییش سنوورەکانی بیرکردنەوەی زانستییانە و نەریتی مێتافیزیکی (ئەفلاتوونی) دەبڕێت و خۆی بە بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەر و گشتگیر دادەنێت. بنەڕەتێک کە ئەم یان ئەو شتە نییە، بەڵکو بناغەی هەموویانە. بنەڕەتێکە هەبووەکان بەبێ ئەو نابن، هاوکات ئەویش نین. مەزنتریین پرسیاریش لەم سەرەتا نوێیەدا بە واتای «بوونە» seinfrage ، چونکە بوون، بنەڕەتی هەموو شتێکە بەڵام خۆی بێ بنەڕەتە.پێش مامەڵەکردن لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکە سەبارەت بە واتای بوون، پێویستە بزانین هۆی ئاوڕ نەدانەوەی فەیلەسووفەکان هەر لە ئەفلاتوونەوە لە «بوون چییە»، لێرەدا ئەو پرسییارە خۆی دەسەپێنێت ؛ بۆچی «بوون» لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا لە ئەفلاتوون لەبیرچووەتەوە و ئەم فەیلەسووفانە

ڕوویان لە (هەبوو)یەک کردووە؟ خۆ دوورخستنەوەی ئەم فەیلەسووفانە لە گەڕان بەدوای واتای بووندا لەسەر سێ بنەما ڕاوەستاوە، کە لە وەڵامی پرسیاری دووەمی توێژینەوەکەمان نزیک دەبینەوە، ئەوان لەو باوەڕەدان کە «بوون» (هەمەکیترین چەمکە، بەڵگە نەویستە، پێناسەیش ناکرێت.) ئەم سێ بنەمایە بوون بە دۆگما و هاندەر بۆ لەبیرچوونی بوون. لە پێش هەموویانەوە ئەو خاڵە ڕوون دەکەینەوە کە «بوون» بە چەمک دادەنێت. وەکو دەزانین چەمکەکان بوونێکی بابەتی و سەربەخۆیان لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا نییە.چەمکی بوون، نوێنەرایەتی بوونێکی دەرەکی دەکات.

بنەمای دووەمی دۆگماکە گوایە بوون بەڵگەنەویستە و ناتوانرێت باس لە شتێک بکرێت تاکوو ئەم شتە بوونی نەبێت لە گەڕان بە دوای واتای بوونمان دوور ناخاتەوە. مەبەست لە توێژینەوەکەمان سەلماندنی بوون نییە بەڵکو لێکدانەوەی واتاکەیەتی.

بنەمای سێیەمیش لەسەر زەمینەی ئەو باوەڕەوە دامەزراوە کە بوون هەمەکیترین چەمکە و چەمکێکی لە خۆی بەرزتری نییە ئەوا بە پێی لۆجیکی ئەرستۆ پێناسە ناکرێت.(اردکانی،٢٠٠٢،١٥٦،٧٥).

چەمکی بوون لە هەموو چەمکێکی دیکە بەرزترە و جیاوازیشی نییە لەبەر ئەمە پێناسە ناکرێت.

هایدگەر بەم جۆرە ئەو سێ بنەمای دۆگمایە هەڵدەوەشێنێتەوە، پێویستکردنی پرسیار سەبارەت بە واتای «بوون» زیندوو دەکاتەوە. (1981,57,86,MacIntyrw)

بوون بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەری هەموو هەبوویەکە، بوونی هەموو شتێکە، بۆیە پرسیار کردن سەبارەت بە بوون گرانتریین و مەزنتریین پرسیارکردنە، ئەڵبەت دەبێت وەڵامدانەوەکەیشی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا دروست بکات تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجی Ontology مێتافیزیکیمان سەبارەت بە بوون هەڵبوەشێنێتەوە. (2007,164,Schonfeld)

ئەو سەرەتایەی لێرە خۆی دەسەپێنت بوونی مرۆڤە ، بوونێکە ئاگامەندانە دەژی و ئاگامەندی ئەم بوونە تایبەتمەندێتی مرۆڤە و جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ هەبووەکانی دیکە و ئەم بوونەدا دیاری دەکات..

**٣.٣- دازاین (Dasein) مانای «بوون».**

هایدگەر لە هەڵبژاردنی ئەم زاراوەیەدا بۆ بوونی مرۆڤ مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە ئەو دەیەوێت گۆڕانکارییەکی فەلسەفی بهێنێتە کایەوە و سەرەتایەکی نوێ لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا بدۆزێتەوە، ئەم کارەش بە پرسیارە مەزنەکەوە سەبارەت بە واتای بوون و لێکۆڵینەوە لە بوونی مرۆڤ، وەکو یەکەم هەنگاونان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەوە بەستراوەتەوە و دۆزینەوەی زمانێکی نوێی فەلسەفییانەیە.

زاراوەی Dasein”" لە زمانی ئەڵمانیدا واتە "لەوێبوون" یاخود بوون-لەوێ. "لەوێ" ئاماژەیە بۆ جێیەکی کەم تا زۆر دوور لێرە. "بوون ئەمە نییە کە لێرە هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە دەگات بەوێ" ئەوەیە کە وا لێرەوە بەرەو ئەوێ دەجوڵێت.(1962,67,123,Heidegger).

هایدگەر لە دووتوێی بەشی سێهەمی کتێبی یەکەمی بوون و کاتدا خۆی دەسەلمێنێت و «بوون لەنێو جیهان»دا دەبێت بە شامەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ بوونی مرۆڤ، لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بوونی مرۆڤ (Dasein) دەبەستێتەوە و بە ڕوانین و بۆچونێکی هەرە جیاواز و نا *کارتیزییانە* ( فێرگەی دێکارتی) وەکو دێکارت بوونی مرۆڤ لە جیهان دابین ناکات و بە ناوەڕۆکێکی گیانەکیی دانانێت. (1972,98,Mackwarie). لەم مەرجە ئۆنتۆلۆژیەشەوە مەرجەکانی تر. وەکو « بوون -لەگەڵ» و نیگەرانی و هتد... دەردەچن. گرنگی ئەم مەرجە ئۆنتۆلۆژیاییە لەوەدایە کە پێویستە بوونی مرۆڤ لە نێو بوونیادی جیهان و کۆمەڵ و مێژوودا بناسرێت و ئەو هەرگیز لەو مەرجانە جیا نابێتەوە و دابین ناکرێت.

بوونی مرۆڤ ناوەڕۆکێکی گیانەکی یان مۆنادی فەلسەفەکەی لایبنیز نییە سەربەخۆ بێت و پەیوەندییەکی ترازاو و سوکەڵەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا

هەبێت ، بوونی مرۆڤ بەبێ جیهان و کۆمەڵ نابێت و نییە!!. دازاین «Dasein» کە زیاتر مانای «بوون» دەگرێتەوە نەک ناوەڕۆکی مرۆڤ (Essence) وەکو بابەتە بەردەستەکییەکانی شتانی وەکو (مێز و کورسی) خاوەنی ناوەڕۆکێکی لەپێشتری نییە کە هێزێکی دەرەکیی مێتافیزیکی بڕیاری لەسەر دابێت و پەیدای کردبێت! ناوەڕۆکی مرۆڤ لە بوونیدایە؛ واتا ناوەڕۆکی دازاین لە بوونیدایە.

ئەم بووونەوەرە هەر خەسڵەتێکی هەبێت ئەوا وەکو خەسڵەتەکانی بابەتە بەردەستەکییەکان نەگۆڕ و چەسپاو نین، بەڵکو کۆمەڵێک خەسڵەتی گونجاوە کە گۆڕانکارییان تێدا ڕوودەدات.

بە حوکمی ئەوەی «دازاین» بوونی مرۆڤ، هۆکارێکی هۆشەکی نییە و ناوەڕۆکیشی پێش بوونی ناکەوێت و خۆڕسکێکی نەگۆڕی نییە، ئەوا ئازادە و نووسەری (ڕۆمانی ژیان و ڕووداوەکانی بوونی) خۆیەتی.. هایدگەر بوونی (مرۆڤ- Dasein) هەڵدەبژێرێ بۆ سەرەتای گەشتە ئۆنتۆلۆژییەکەی، چونکە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لە ڕێی بوونی خۆیی «بوون» بە گشتی ئەکۆڵێتەوە و ئەیەوێ دەرگای نهێنییەکانی بکاتەوە. ئەم هەڵوێستە خاسییەتێکی ئۆنتۆلۆژی ئەدات بە مرۆڤ و ئەیخاتە سەر پلەیەکی بەرزتر لە زیندەوەرەکان و بوونەکانی تر.جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێک بە دوای نهێنییەکانی بووندا وێڵ و سەرگەردان نییە. مرۆڤیش ئەو گەشتەی کە هایدگەر کردوویەتی بە پڕۆژەیەکی فەلسەفی، لە بوونی خۆیەوە ئەخاتە ڕێ.

بۆ هایدگەر پرسیاری سەرەکی پرسیاری ئۆنتۆلۆژییە (ئۆنتۆلۆژیا خوێندنەوەی فەلسەفییانەی "بوون"ە، بە مانا فراوانەکەی، خوێندنەوەیە بۆ ئەو ئایدیا و چەمکانەی ڕاست و پەیوەست دەبنەوە بە بوونەوە) دەربارەی (دازاین) پێش هەر بوونەوەرێکی تر؛ تەنیا لە دازاینەوە دەتوانین لە بوونی هەر بوونەوەرێکی تر تێبگەین، تێگەیشتن لە دازاین تێگەیشتنە لە "خودی بوون". تێگەیشتنیش لە بوونێتیی "بوونی دازاین" بەندە بە تێگەیشتن لە "کاتیبوون"ی دازاینەوە. (کمال،٢٠٢٤،٢٠١)

کات ئاسۆی تێگەیشتنە لە هەر بوونێتییەک و هەموو تەفسیرێکی بوونێتی، لەم تێگەیشتنە ئەسڵییەی کاتەوە وەک ئاسۆی تێگەیشتن لە بوون وەک کاتمەندییە کە بوونی دازاین لە بوونێتی تێدەگات. "

بوونی ڕەسەنی مرۆڤ بەندە بە تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆژییەوە لەم بوونە-ڕووەو مەرگ. بوون-ڕووەو-مەرگ تاکە ئاراستە و ڕێڕەوی بوونە، لەبەرئەمە بوون مەبەستدارانە ڕووی لە شتەکان نییە، بەڵکو ناچارانە ڕووی لە مەرگە. لێرەوە هایدگەر ئیگۆی ترانسێندنتاڵی جێدەهێڵێت و ئاوڕ لە دازاین دەداتەوە کە هەمیشە بوونەکەی لەوێدایە.

دازاین هەمان بوونی مرۆییە کە ڕووی لە مەرگە، لەم گەشتەدا لێرە بۆ ئەوێ، ئیمکانی بوونەکەی بەدی دێت، چونکە مەرگ تاقانەترین ئەگەرێکە کە بەقووڵی تایبەتە بە من و هیچ کەس ناتوانێت لەمەدا جێگام بگرێتەوە. هایدگەریش سەرجەم ئەو شتانە لە من دەکاتەوە کە لە بوون لەگەڵ ئەوانی تردا پێمەوە هەڵواسراون، تاوەکو ئەو تاکە بنەڕەتە بدۆزێتەوە کە چیتر ناشێت لێم دابماڵرێت. ئەم پرۆسەی داماڵینە لای هایدگەر بە میتۆدی عەقڵانیی "دیکارت"ی و میتۆدی فینۆمینۆلۆژیی "هۆسرەڵ"ی ئەنجام نادرێت، پتر کۆششێکی بووناسانەیە بە ئاراستەی دامەزراندنی بوون لەسەر بنەڕەتی "مەرگ"، نەک لەسەر بنەمای "گومان". (کمال،٢٠٢٢،٢١٣)

هایدگەر یەکەمین هەوڵە بۆ دامەزراندنی "بوونێتی لەسەر بنەمای خودی کۆتایی بوون" و نیگەرانی بەرامبەر ئەو کۆتاییە، بەم جۆرە هایدگەر کەمێک لەولای فەلسەفەکانی ترەوە، کە هەمیشە بوونێتی لەسەر بنەمای بوون (لۆژیک، عەقل، سوبێکت، خودا، ئایدیا، کەماڵ..هتد) دادەمەزرێنن، جێ دەگرێت. ئەم بوون لەسەر بنەمای "مەرگ" واتە لەسەر بەدیهاتن و هاوکات هەڵپەساردنی هەموو ئیمکانەکانی بوون دادەمەزرێنێت، بەو مانایەی گەرچی مەرگ ڕاستەقینەترین ئیمکانی دازاینە، بەڵام ئیمکانێکی کردەیی نییە؛ واتە ئیمکانێکە کە هەموو ئیمکانەکانی تر پووچەڵ دەکاتەوە؛ بەدیهاتنی ئەم ئیمکانە واتای ئەوەیە چیتر دازاین لەوێدا بوونی نەماوە، وەک "هایدگەر دەڵێت:دواکەوتنی بوونەکەی هەڵگیراوە و لەنێو چووە"(1962,307,311,Heidegger).

بە کردەبوونی ئیمکانی مەرگ و کۆتایی دازاین یەک شتن، بە جۆرێک کە بەدیهاتنی ئەم ئیمکانە دەرگا بەسەر هەموو ئیمکانەکانی دیکەی دازایندا دادەخات. ئەگەر وابێت دازاین ناتوانێت ئەزموونی بەدیهاتنی بوونی خۆی بکات، هەر لەو دەمەی کە دەشێت ئەم ئەزموونە تێیدا ڕووبدات، دەستبەجێ دازاین لەناو دەچێت. هایدگەر چەند شێوازێکی نزیکبوونەوە لەم ئەزموونە دەخاتە ڕوو، بەو مانایەی کە مەرگی ئەوانیترە (کە لێرەدا مەبەستی ئێمەیشە). لەبەرئەوەی دازاین بوونێکە لەگەڵ ئەوانیتردا، ئەوا مەرگی ئەوانیتر، بە شێوەی ئۆبێکت، دەتوانن زەمینەساز بن بۆ تێگەیشتن لە مەرگی سوبێکتیڤی خۆی. لاشەی ئەوانیتر، هاوڕێکانمان، دازاینەکانی تر، وەختێک چیتر بوونیان نەماوە، تەنیا مانەوەیەکی ماتریاڵی نییە کە خەمساردانە بخرێنە گۆڕەوە، بەڵکو بوونە بەدیهاتووەکەیان کە خۆیان ئەزموونیان نەکردووە بۆ ئێمە و بۆ دازاینە زیندووەکان مایەی سەرنجە، ئەوان بۆ ئێمە دازاینێکن کە هێشتایش ماونەتەوە: "ئەوەی هێشتایش تەنیا ماوەتەوە و هیچیتر، لە شتێکی ماتریاڵیی بێ گیان زیاترە. ئەوەی ئێمە دەیبینین کەسێکی زیندووی ژیان-بەجێهێشتووە لەبەرئەوەی ژیانی لێ سەندراوەتەوە.(Heidegger,1949,277,293)

**٣.٤- پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوون لای هایدگەر**

لێرەدا بە ئاماژەدانێکی پوخت بۆ پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوون کە هایدگەر بۆ تێگەیشتن لە واتای بوونی مرۆڤ ڕیزییان دەکات. لەم ڕێگەیەشەوە درک بە گۆڕانکارییە فەلسەفییەکەی دەکرێت. تێگەیشتنی هایدگەر دەرچوونێکە ئاشکرایە لە نەریتی کۆن بە تایبەتی نەریتی دیکارتی ئەشێین بە شۆڕشکردنێکی فەلسەفی بەسەر ئەو نەریتەدا ناوزەندی بکەین. (جمالی،١٩٩٦،٨٤،٦٩). پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکان بریتین لە:-

**١- بوون-لە- نێو جیهاندا**

مرۆڤ ناوەڕۆکی هۆشەکی نییە و لە شوێنێکی ترەوە فڕێنەدراوەتە ئێرە، بوونێکە لێرەدا (دازاین) و لە نێو جیهاندا ڕسکاوە، بوونی ئەو جیهانییە و بەبێ جیهان نییە و نابێت. بوونی لە نێو جیهاندا پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوونی. ناتوانرێت بیر لە بوونی مرۆڤ بکرێتەوە ئەگەر مرۆڤ لە نێو

جیهاندا نەبێت.بوون لە نێو جیهاندا بوونی مرۆڤ لەنێو شوێندا دەردەخات، مرۆڤ بوونێکە هەمیشە لە نێو "شوێن"-دایە، ئەمەش پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی دیکەیە کە لە پێشمەرجی بوون لەنێو- جیهانەوە وەرگیراوە.

**٢- بوون - لەگەڵ Mit- sein**

بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا، دازاین، کە هەر تاکێک لە ئێمە بەبێ کۆمەڵ نییە و نابێت. بوونی ئەو لەسەر بوونی کەسانی دیکەوە وەستاوە، بوونی کەسانی دیکە پێش مەرجی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوونی مرۆڤ و بوونی مرۆڤیش بوونە لەگەڵ- کەسانی دیکە.

**٣- تێگەیشتن و زانین وەک پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی**

گرنگە لە سەرەتادا ئاماژە بە چەمکی (هێرمێنۆتیک) بدەین، کە زانستێکە مامەڵە لەگەڵ "پرۆسەی تێگەیشتن" دەکات و لە تێگەیشتن و دیاردەکانی دەروون دەکۆڵێتەوە، زانستی هێرمێنۆتیک باس لە بناغە تیۆریەکانی لێکدانەوە و تێگەیشتن و ئەرکەکانی تێگەیشتن دەکات بەڵام هایدگەر لەبری میتۆدی تێگەیشتن، ڕووی لە باسکردنی سروشتی تێگەیشتن کرد. (بوون چییە؟) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە (تێگەیشتن لە بوون چییە)؟ بەو پێیەی تێگەیشتن وەک بابەتی پێکهێنەری مرۆڤ دادەنرێت و بوونەکەی لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، زانینی تێگەیشتن لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ زانینی مرۆڤ. لەم حاڵەتەدا تێگەیشتن لە بابەتی مەعریفەدا دیاردەیەکی لاوەکی نابێت، بەڵکو دەبێتە بابەتی ناوەندی مەعریفەی فەلسەفی. (سرشار،١٩٩١،٩٩،٧٤).

تێگەیشتن پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوونی مرۆڤ، لە هزری هایدگەردا، تێگەیشتن (Verstehen) تەنیا کردەیەکی دەروونی یان مەعریفی نییە، پێکهاتەیەکی ئۆنتۆلۆژیای دازاینە، واتە بنەڕەتییە بۆ خودی بوون.

بۆ هایدگەر تێگەیشتن بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە بەدەستهێنانی زانیاری یان ڕاستییەکانەوە نییە.

کەواتە تێگەیشتن مەرجێکە بۆ ئەگەری لێکدانەوە و مانا و تەنانەت ڕاستی. پێش زانین دێت، نەک لە کاتدا، بەڵکو لە پێکهاتەدا. بەبێ تێگەیشتن، نە لێکدانەوە دەبوو، نە گەڕان بەدوای بووندا.

مارتن هایدگەر زۆری لەبارەی هزر و بیرکردنەوە گووتووە، پێی وایە کە بیرکردنەوە توخمێکی بنەڕەتی بوونەوەی مرۆییە. ئەو بیرکردنەوەی کە هایدگەر زۆر لەسەری دەدوێت ناوی دەنێت "بیرکردنەوەی بنەڕەتی یان" " بیرکردنەوەی جەوهەری" کە لە بوونی گشتیدا ڕەگاژۆ بووە.

## ٤- نیگەرانی- Angst

لێدوان لەسەر نیگەرانییش زۆر پەیوەستە بەو شیکردنەوەیەی کە هایدگەر بۆ "کەوتن" "Ver fallen"ی دەکات، هایدگەر نیگەرانی بە" کەوتن"ەوە دەبەستێتەوە وەک ئەوەی کیکەگۆر بە "ئەسڵی گوناە"ەوە بەستبوویەوە. هەروەها هایدگەر ئاماژەیشی بەوە داوە کە شتەکان لە نێو جیهان لە حاڵەتی نیگەرانییدا دەیانەوێ بفەوتێن، دازاینیش دەزانێت کە ناتوانێت خۆی لە جیهاندا ببینێتەوە، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی و بۆ ئازادییە بێ هاوتاکەی. "نیگەرانی " وا لە دازاین دەکات کە ڕووبەڕووی بوونی- ئازادی خۆی ببێتەوە لە پێناوی "ڕەسەنێتیی بوونیدا" (مظفریپور،٢٠١٧،١٤٦،١٣٥).

واتە مرۆڤ، کە دێتە بوون بەم پێشمەرجانەوە دێتە بوون، مرۆڤێک نادۆزینەوە لە جیهاندا نەبێت، یاخود بوونی پەیوەست نەبێت بە مردن و کاتمەند نەبێت. یاخود نیگەران نەبێت. مرۆڤێک بوونی نییە، لەگەڵ ئەوانیتردا نەبێت، یاخود تەنیا هەبێت و ئەوانیتر بوونیان نەبێت(دەکرێت تەنیایی هەڵبژێرێت، بەڵام بوونی وەک لایەنی وجودی پەیوەستە بە بوونی ئەوانیترەوە–ئەوانیتر دەبێت هەبن، بۆ ئەوەی دازاین هەبێت). هەروەها دەکرێت(ویست/هێز/توانا)ش بکرێتە پێشمەرجێک. ئەمەش لەسەر بنەمای سوودوەرگرتن لە ئەرستۆ بۆ غەریزەی "زانین" لای مرۆڤ (حیدری،٢٠٠٦،٢٠)، یاخود "هێز" لای نیچە، کە کردبوویە بنەمای بوون (کمال،٢٠٢٢،١٤٣)، هەروەک شۆپنهاوەر "ویست و ئیرادە"ی کردبووە بنەما. (1999,134,Langan)ئەم پێشمەرجە پەیوەستە بە ویستی مرۆڤ بۆ

تێگەیشتن، هەڵبژاردن، پەیوەندی و زانین، واتە مرۆڤ بەو پێیەی ناتەواوە ئەوا ویست و هێزی خۆتەواوکردن و خۆناسی یا خودناسی هەیە.
بەپێی فەلسەفەی هایدگەر بوونی مرۆڤ ناتەواوەو بێ جەوهەرە، یاخود بوونێکی ئەگەربەندە، مرۆڤ بێ جەوهەرو ناتەواوەو ئەگەری لەبەردەمدایەو ئەگەرەکانی بوونی هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بوونی خۆی تەواو بکات.
دکتۆر محەمەد کەمال لە کتێبی 'بوون و داهێنان'دا، "داهێنان"یش وەک پێشمەرجێک زیاد دەکات، کە بێگومان زیادکردنەکەی لۆجیکییە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتەواوە بە داهێنانی ئەگەرەکانی «بوون»ی خۆی تەواو دەکات. مرۆڤ شت نییە تا پڕبێت، بەڵکو ناتەواوەو پڕە لە جوڵە و بەردەوام لە هەوڵی داهێنانی ئەگەرەکانیدایە؛ ئەگەرەکانیش دنیایەکی فراوان و کراوەن لەبەردەممانداو هەڵیاندەبژێرین. (کەمال،٢٠٢٤،٧٨،٩٤)
بەڵام ئەوە هەڵبژاردن نییە، کاتێک چاولێکەری باڵا دەبێت، بۆ نموونە بوون بە دادوەر یان پزیشک و دکتۆر، لەبەرئەوەی خواستی زۆری لەسەرە، نابێت بە هەڵبژاردن، بەڵکو داواکارییە؛ کۆمەڵگا و ئەوانیتر داوایان کردووە. یاخود نووسەرێک رۆمان دەنووسێت، چونکە خواستی لەسەرەو بازاڕی گەرمە. لێرەوە کاتێک لەبری هەڵبژاردن، داواکاری و بەجێهێنان دێتە ئاراوە، بوونی نارەسەن دەردەکەوێت، بەڵام بوونی رەسەن ئەو بوونەیە، خۆی ئەگەرەکانی بوونی هەڵدەبژێرێت، نەک خواستی ئەوانیتر پێی هەڵبژێرن.
لەگەڵ هەموو ئەو پێشمەرجانەشدا بوونی مرۆڤ لە جیهاندا وەک شتەکانی دیکە نییە، بەڵکو بوونێکی تێگەیشتندارە، واتە خاوەنی تێگەیشتنە، لەبەرئەوەی دەتوانێت پرسیار دەربارەی «بوون»ی خۆی بکات و لە بوونی خۆی بکۆڵێتەوە.

### ٣.٥- کاریگەرییەکانی هایدگەر لەسەر فەیلەسووفانی دوای خۆی:-
لەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لە پێکهێنانی هزری هایدگەردا هەبوو: فینۆمینۆلۆجی هۆسێرل و بایەخدان بە کێشەی "بوون" کە لە برینتانۆ وەریگرتبوو، هەروەها کارکردن لەسەر زمان ، جێی سەرنجە کە ئەو بایەخی

بە فەیلەسووفەکانی بەر لە سوکراتیش داوە. ئێمە لێرەدا باسەکە دەپرژێنینە سەر کاریگەرییەکان و ڕۆڵی هایدگەر.
یەکێک لەو تەوەر و بابەتە گرنگانەی، کە هایدگەر خستییە ژێر پرسیارەوە، پێوەندی نێوان زەین و عەین یان بە واتایەکی تر پێوەندیی نێوان (ناسکار) یا (سوژە) لە فەرەنسییدا "sujet"لەگەڵ جیهانی (دەرەوەدا) بوو. (والیانی،٢٠٢٠،٣٦،٢٥). هایدگەر لای وا بوو تا ئێستە فەلسەفە لەباتی دووپاتکردن "جەخت" لەسەر هەبوون و چۆنیەتی پێوەندی نێوان خودی مرۆڤەکان جەختی لەسەر پێوەندی نێوان جیهانی دەورووبەر و مرۆڤ کردووەتەوە، لەم ئاراستەیەیشدا کۆمەڵێک پێشمەرجی زەینی، کە بەدرێژایی مێژوو سازبووە وەک پرەنسیپگەلێکی نەگۆڕ لەبەرچاوگیراوە، بەڵام هایدگەر بە نەگۆڕ و ڕەسەنی نەزانیوە.
یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە هایدگەر وروژاندی و ڕەوتی فەلسەفەی ڕۆژئاوای خستە ژێر پرسیار، ڕەتکردنەوەی پێویستی "تیۆری" بوو. تا ئەو کاتە هەموو هەڵسوکەوت و کار و کردەوەیەک، تەنانەت کردەوەی ڕۆژانەیش لەسەر بنەمای تۆڕێک لە تیۆری دەکرێت و جێبەجی ئەبێت. بەڵام هایدگەر بڕوای بە تیۆری نەبوو و بە خستنە ژێر پرسیاری تیۆری ڕێگەی بۆ هاتنە ئارای تەفسیر و هێرمۆنێتیک خۆش کرد. پێویستە ڕۆڵی هایدگەر لە گۆڕانی هێرمێنۆتیکدا بنووسینەوە، کە بابەتێکی گرنگ و مایەی سەرنج خستنەسەرە هایدگەر یەکەم کەس بووە گۆڕانکاری لە زاراوەی "هێرمێنۆتیکی فەلسەفی" لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کرد. ئەو گۆڕانکارییە گرنگەی لە ڕێڕەوی زانستی هێرمێنۆتیکدا هێنایە ئاراوە ئەوەبوو کە هێرمێنۆتیکی لە کایەی ئیپیستمۆلۆژییەوە بەرزکردەوە بۆ کایەی ئۆنتۆلۆژی.
کە لەلایەن کادامێرەوە لە کتێبی میتۆد و ڕاستیدا بەتەواوی ڕوونکراوەتەوە، سەرنجێکی قووڵی داوەتە هێرمێنۆتیکی هایدگەر (کدیور،٢٠١٤،٥٠،١١) هێرمۆنتیک بۆ ئەو تەنها تەفسیرکردنی تێکست و پەرتووک نییە، بەڵکو تەفسیرکردنی بوونی مرۆڤە یان بوونە بە ڕێگای بوونی مرۆڤدا ، تاکە لە بوونی مرۆڤ نەگەین ئەوا لە مانای بوونیش ناگەین. تێگەیشتنیشی خانەیەکی هۆش نییە، بەڵکو پێش مەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوون(پێشتر ئاماژەمان

پێداوە)، ئەگەر مرۆڤ هەبێت ئەوا پێویستە توانای تێگەییشتنیشی هەبێت، تێگەییشتنییش پێش تەفسیرکردن دەکەوێت بەڵکو هەر مەرجێکە بۆ ئەو.

هایدگەر لە زۆر شوێنی تردا، هەر لە تێگەییشتنی چەمکی ڕاستەقینە و زمانەوە تاکوو هۆنراوە و ڕۆڵی هونەر لە نێو کۆمەڵ و بووندا، ڕەتدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی تازەگەرییە و کارتێکردنیشی بە سەر فەلسەفەی (پۆست–ستراکترالیست)ەوە دیارە.لەبەر ئەوە هایدگەر دەروازەیەکی نوێی لە فەلسەفەدا کردەوە و لە نیوەی سەدەی بیست بەملاوە، سەرنجی زۆرێک لە فەیلەسفووف و بیرمەندانی تر، بەتایبەت لە چوارچێوەی فەلسەفەی کیشوەریدا بەلای خۆی ڕاکێشا. بۆ نموونە "میشێل فۆکۆی" فەڕانسی دەڵێ: "هایدگەر بەردەوام سەرەکیترین فەیلەسووف بووە،" لای ئەو هەموو هەوڵێکی بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکانی هایدگەر بووە.(1999,Foucault).

"جاک دێریدا" دەڵێ: "هیچ بوارێک نەماوەتەوە، کە هایدگەر باسی لێ نەکردبێت و بیری لێ نەکردبێتەوە." (Derrida, 1982,97,192) .

هەروەها"بۆردیۆ" دەڵێت: "هایدگەر یەکەم ئەوینی منە و هێنانە ئارای بابەتی پانتایی کۆمەلایەتی بە ئەرکی ئەو دەزانێت. (سرشار،١٩٩٩، ٣٢٠).

یان " هانا ئارێنت" کە خۆشەویست و هاوسەری نافەرمی چەندین ساڵەی هایدگەر بوو، دەڵێت: "هایدگەر پاشایەکی شاراوە و نادیارە و وەک ڕێوییەک وا بوو، کە چاڵێکی هەڵکەند بۆ مرۆڤایەتی و خۆی و مرۆڤایەتیشی تێخست و تا ئێستەیش هیچیان نەیان توانیوە بێنە دەرەوە. (Arendt,1953)

بابەتێکی تر بریتییە لە هونەر لای هایدگەر، "هونەر" یەکێک لەو کایە گرنگ و پڕ مفا و پڕ بایەخانەیە، کە هایدیگەر لە ڕێگەی "ڕاستیی بوون"ەوە ئاوڕی لێ داوەتەوە و چەندین وتار و سیمیناری بۆ هونەر بەگشتی و شیعر و هۆنراوە بەتایبەتی تەرخان کردووە. بۆچی هونەر هێندە جێی گرنگیپێدان بووە بۆ هایدگەر؟ هایدگەر کەوتووەتە ژێر کاریگەری "نیچە" لەم ڕووەوە، "نیچە" پێی وایبوو هونەر وەکو بەرجەستەبوونی "ویستی هێز " ڕەتدانەوەی هیچگەرایەتییە، (Sartre,1943,104).(لە کاتێکدا ئەو سەر بە ڕەوتی پووچگەرایی بوو). بەڵام بۆ نیچە هونەر تەنها فۆرم و شێواز نییە، بەڵکو لە پاڵ فۆرمیشدا واتا بە ژیان دەدات. داهێنانی "فۆرم"و "واتا" هونەرمەند دەکات

به هونەرمەندی فەیلەسوف، ئەرکی هونەرمەند وەک هونەرمەندێکی فەیلەسوفی گەشبین، دەبێتە ئەوەی کە بێهودەییی ژیان بگۆڕێت.تەنها "ویستی هێزە" واتا و بەها بە ژیان دەدات، مرۆڤی باڵا و هونەرمەند دەهێنێتە «بوون». بۆیە هایدگەریش هاوشێوەی "نیچە" و لەژێر کاریگەریی "نیچە"دا، هونەر لە ژیانی مرۆڤدا بە پێویستییەکی ڕەها دادەنێت، تاکو ڕەشبینی بەرامبەر ژیان بگۆڕێت.کەوایە لەم شیکردنەوەیەوە دەگەین بەو بڕوایەی ئەوە تەنها بیرکردنەوەی فەلسەفی نییە، کە واتا بە ژیان دەبەخشێت، بەڵکو داهێنانی هونەرمەندانەش دەتوانێت هەمان ڕۆڵ بگێڕێت، چونکە هونەر بۆ "هایدگەر" گەیشتنە بە "ڕاستیی بوون"، نەک لاساییکردنەوە و کۆپیکردن. هونەر و فەلسەفە دوو شێوازی داهێنەرانەن کە دەتوانن "هیچگەرایەتی" ڕەت بکەنەوە. هونەر هەر وەکو فەلسەفە لە کاتی نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەدا دەتوانێت بێهودەییی ژیان بگۆڕێت بۆ پێویستییەکی مێژوویی. بۆیە تێگەشتن لە "هونەر" زۆر گرنگ و بایەخدارە، تەنها مرۆڤ دەتوانێت خاوەندارێتی لە "هونەر" بکات، لەنێو هەموو تاکەکانیشدا تەنها مرۆڤە ڕەسەنەکانن دەتوانن داهێنەرانە بیر بکەنەوە، کە گوزارشت لە دوو جۆر بوون دەکات، داهێنەرەکان و لاساییکەرەوەکان یان مرۆڤی بەرز و مرۆڤی بچووک کە لە فەلسەفەی هایدگەردا بە مرۆڤی "ڕەسەن" و مرۆڤی "ناڕەسەن" پۆلێن دەکرێن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە هەموو مرۆڤەکان ڕەسەن نین و داهێنەرانە ناژیین، مرۆڤە ناڕەسەنەکان، سەربەستی و ئازادیی خۆیان دۆڕاندووە ناتوانن داهێنەرانە بژیین، بونیان داگیر کراوە و لەنێو خەڵکانی تردا تواونەتەوە، لە ڕوانگەی خۆیانەوە تەماشای دەوروبەر دەکەن هەموو کەسێک دەبێتە ئەوان و پێیان وایە هیچ کەسێک خودی خۆی نییە. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ڕەسەنایەتی بە " داهێنان" دەبەستێتەوە، ئەو ئەنجامە بە دەستەوە دەدات کە تەنها بوونە ڕەسەنەکان هونەرمەندن، یان ئەوەی ناڕەسەنە هونەرمەند نییە. کەواتا هونەر وەک داهێنان لەسەر بوونی مرۆڤی ڕەسەن و سەربەست ڕادەوەستێت، ئەو مرۆڤانەی سەربەستانە واتا و بەهای جوانی بە "بوون" دەدەن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک مرۆڤی ناڕەسەنیش دەدۆزینەوە کە خۆیان بە هونەرمەند دەزانن کە زیاتر کەسانی حزبی و خاوەن

ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراون. داهێنانی فۆرم و واتا هونەرمەند دەکات بە هونەرمەندی فەیلەسوف، ئەرکی هونەرمەند وەکوو هونەرمەندێکی فەیلەسوفی گەشبین، دەبێتە ئەوەی کە بێهودەییی ژیان بگۆڕێت.جیاوازی لەنێوان هونەری ڕەسەن و ناڕەسەن هەیە، ئەم جیاکردنەوەیەش لە سەر پێوەری ڕاستیی «بوون» دادەمەزرێت.هونەری ڕەسەن "ڕاستیی «بوون»" دەردەخات، بەڵام هونەری ناڕەسەن "ڕاستیی «بوون»" دەشارێتەوە. هونەر دەتوانێ "ڕاستیی بوون" ئاشکرا بکات. لەم ڕێگەشەوە دەتوانین پەی بە جوانی هونەر ببەین. هایدگەر کاری زۆری لەسەر هونەر کردووە، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بە چڕی ڕۆچووەتە نێو کایەی هونەرییەوە، وەکو هاوتای فەلسەفە وێنای کردووە، چونکە پێی وابووە، هونەریش هەروەکو فەلسەفە لە واتای "ڕاستیی بوون" دەکۆڵێتەوە.

هایدگەر پێی وایە:(کاتێک پرسیاری ڕاستی و حەقیقەت هەموو مێژووی فەلسەفە دادەپۆشێت، مانای وا نییە کە ئێمە نەتوانین ئەم پرسیارە، بە سەر بواری هونەردا پراکتیک بکەین، پێی وایە هونەریش دەستکەوت و جێکەوت و بەرهەمێکی مرۆڤانەیە، بریتیە لە هەوڵ کۆشش و توانای مرۆڤ بۆ گەڕان بە دوای بوونی خۆی ئەوەش لە میانەی خستنە سەری جۆرێک لە ڕاستی بە سەر بەرهەمەکانی خۆیدا ئیتر چ هونەری بن یان زانستی). (پورداوود،١٩٧٦). کاریگەرییەکانی مارتن هایدگەر لە سنووری فەلسەفە تێدەپەڕێت، و بیرکردنەوە لە ئەدەب، هونەر، دەروونناسی، لاهووتییەت و تیۆری ڕەخنەیی دەگرێتەوە . بیرکردنەوەیەکی ڕیشەیی لە بوون ئیلهامبەخش بوو بۆ بیرمەندە سەرەکییەکانی بوونگەرایی و پۆست-ستراکترالیزم. سارتەر بۆ پەرەپێدانی بوونگەرایی خۆی سوودی لە چەمکی «بوون»ی هایدگەر وەرگرت. مۆریس مێرلۆ-پۆنتی تێڕوانینە ئۆنتۆلۆژییەکانی هایدگەری لەبارەی تێگەیشتن و بەرجەستەکردنەوە وەرگرت. لە پۆست-ستراکترالیزمدا، میشێل فۆکۆ و جاک دێریدا کاریگەری ڕەخنەی هایدگەر لە میتافیزیک و شێوازی وێرانکردنی بەسەرەوەیە.

**دەرئەنجام:**

دەتوانین درک بەوە بکەین کە فەیلەسووفانی بەر لە سوکراتیش بەبێ ئەوەی ئاگایان لە ئاڵۆزییەکانی فیکری فەلسەفیی داهاتوو بێت، سەرگەرمی جددیانەی وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە بوون،بەڵام لەکاتێکدا هزری ئەفلاتون و ئەرستۆی قوتابیی، تا نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە مەیدانی فەلسەفەدا درێژەی خایاند. بەڵام زیاتر لە سەدەی بیستەمدا و لە فەلسەفەی هایدگەردا کە وایکرد فەیلەسووفان بگەڕێنەوە بۆ ئەو بابەتە سەرەکی و بنەڕەتییەی کە خاڵی دەسپێکردنی هزری فەلسەفی بوو، واتە بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکانی "من کێم؟" و "بوون چییە؟" و هەوڵی بەئاگاهێنانەوەی پرسی «بوون»ی دا و بووە کرۆکی فەلسەفەکەی خۆی و بابەتی سەرەکی زۆرێک لەوانیتر، توێژینەوەکانی مارتن هایدگەر لەبارەی جەوهەری «بوون» ئۆنتۆلۆژین نەک ئەپستمۆلۆژی، واتا بوونناسی یا هەبوونناسیین نەک مەعریفەتناسی، بە دووبارە وروژاندنەوەی پرسی بوون، تەحەدای ئەو گریمانە میتافیزیکیانە دەکات کە لە مێژوودا بنەمای بیرکردنەوەی سیاسی بوون واتە لەسەر عەقلانیزم، بابەتییەوە- Subjective, بەند بوون.

تێڕوانینە ئۆنتۆلۆژییەکانی بە قووڵی کاریگەرییان لەسەر بیرمەندانی وەک ئارێنت، دێریدا، ئاگامبێن و زۆری تر هەبووە و درێژەیان بە ڕێچکەی فەلسەفی هایدگەر داوە. بەم شێوەیە بیری هایدگەر کە ڕەگ و ڕیشەی لە پرسی بووندا وەرگرتووە، بەردەوامی دەدات بە داڕشتنی ڕەخنەی فەلسەفی ژیانی سیاسی هاوچەرخ، لەکۆتاییدا، پرسی «بوون»، و پرسیاری " بوون چییە؟" بابەتی بنەڕەتییە لە فەلسەفەدا، و تائێستا نەتوانراوە وەڵامێکی ڕەهای بدرێتەوە، گەڕانەوە بۆ ئەم پرسییارە بنەرەتییە زەروورە ، بۆیە دەبێت بیرکردنەوەی مرۆیی بەردەوام خەریکی وەڵامدانەوەی بێت.

بیر و باوەڕی فەلسەفیی ئەم بیرمەندە هێندە چڕ و دەوڵەمەندە ، گەلێک نووسەران بە هیگڵی ئەمڕۆی دادەنێن، بەڵگەی ئەمەش لەوەدایە کە هایدگەر نەک بەتەنیا کاری کردووەتە سەر فەیلەسووفە بوونخوازەکانی پاش خۆی، بەڵکو گەلێک زانای ئەمڕۆ مۆرکی هایدگەرییان بەسەرەوەیە.

پەراوێزەکان:-

Ontology: **بوونناسی یا هەبووناسی** ،لقێکی **فەلسەفەیە** ،لە **بابەتی بوون دەکۆڵێتەوە.**

Epistemology: مەعریفەتناسی، یان زانستی زانین، لقێکە لە فەلسەفەدا لە زانین دەکۆڵێتەوە

Dasein: **دەستەواژەیەک، هایدگەر دایناوە لەفەلسەفەکەیدا، لە زمانی ئەڵمانیدا واتە" لەوێبوون "یاخود بوون-لەوێ"** .

Subjectivity: **خودێتی واتە هۆش و فکر و هەموو شتێکە کە پەیوەندیی بە بوونمانەوە هەیە**

Authenticity: واتا بوونی ڕەسەن (Eigentlichkeit) لە ئەڵمانیدا

Inauthenticity: واتا بوونی ناڕەسەن(**Uneigentlichkeit**).لە ئەڵمانیدا

Angst : دڕدۆنگی

Dualism: دوالیزم یان دووتاگەرای، لێرەدا بە مانای بوونی مرۆڤ دێت، لە خێر و شەڕدا

Metaphysics: ئەودیو سروشت

Christian Existentialism: بوونگەرایی مەسیحی، لقێکە لە فەلسەفەی بوونگەرایی،**لەلایەن بیرمەندانی وەک سۆرن کیرکیگاردەوە سەرکردایەتی دەکرا ، کە پێیانوابوو ژیانی مەسیحی ڕاستەقینە پەیڕەوکردنی یاساکان نییە ،بەڵکو**

**پابەندبوونە لە ناوەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئازارەکانی ژیان بە هیوایەکەوە بە خودا.**

:Atheist Existentialism

**بوونگەرایی بێباوەڕ لقێکە لە فەلسەفەی بوونگەرایی کە نکۆڵی لە بوونی خودا دەکات و دەڵێ ژیان هیچ مانایەکی سروشتی نییە .بەڵکو دەبێت تاکەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و کردەی ڕەسەنەوە ئامانجی خۆیان دروست بکەن . بیرمەندە سەرەکییەکان بریتین لە ژان پۆڵ سارتەر کە دەیگوت" بوون پێش جەوهەر دەکەوێت ،"واتە ئێمە سەرەتا بوونمان هەیە و دواتر لەڕێگەی کردارەکانەوە خۆمان پێناسە دەکەین.**

Phenomenology: دیاردەناسی

، Nihilism: **پووچگەرایی ،ئەو باوەڕەیە کە ژیان هیچ مانایەکی سروشتی و بەها و ئامانجێکی سروشتی نییە .**

**لیستتی سەرچاوەکان-:**


**سەرچاوە کوردییەکان:**

کەمال،م.(٢٠٢٢) هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چاپەمەنی مانگ، مەهاباد،٨٧،٦٥،٢٣.

هایدگەر،م. (٢٠٠٥) گفتوگۆیەک لەگەڵ هایدگەردا، وەرگێڕانی محمد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٦٦،٨٩.

کەمال،م.(٢٠٠٣) سارتەر وخوێندنەوەیەکی نوێ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .لا. ٤٦-٨٧

کەمال،م.(٢٠٢٢) نهیلیزم و ڕەهەندەکانی. بیرکردنەوە، چاپەمەنی مانگ، مەهاباد،لا. ٥١،٣٥.

ماکواری،ج. (٢٠٠٧) فەلسەفەی بوونگەرایی«وجوودییەت» وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.لا. ١٠٥،١٠٠،٩٤،٨٠،١٨.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

Camus, A. (1942) The Myth of Sisyphus. Trans. Justin O'Brien. Paris: Éditions Gallimard. English translation (1955) London: Hamish Hamilton.

Cooper, D.E. (1999) Existentialism: A Reconstruction, 2nd edn. Oxford & Malden, MA: Wiley-Blackwell.

Foucault, M. (1961) Madness and Civilization (Histoire de la folie à l'âge classique). Paris: Plon.

Foucault, M. (1966) The Order of Things (Les mots et les choses). Paris: Gallimard.

Gadamer, H.-G. (1960) Truth and Method (Wahrheit und Methode). Tübingen: Mohr Siebeck.

Heidegger, M. (1927) Sein und Zeit. Freiburg im Breisgau: Max Niemeyer Verlag.

Jaspers, K. (1938) Philosophy of Existence. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

Kaufmann, W. (ed.) (1956) Existentialism from Dostoevsky to Sartre. Cleveland: Meridian Books (World Publishing).

Langan, T.D. (1959) The Meaning of Heidegger: A Critical Study of an Existentialist Phenomenology. New York: Columbia University Press.

MacIntyre, A. (1981) After Virtue. London: Duckworth; Notre Dame, IN: University of Notre Dame Press.

Macquarrie, J. (1973) Existentialism: An Introduction, Guide and Assessment. London: Penguin Books.

Merleau-Ponty, M. (1945) Phenomenology of Perception (Phénoménologie de la perception). Paris: Gallimard.

Nietzsche, F. (1901) The Will to Power. Posthumous compilation. Leipzig: Kröner Verlag.

Nietzsche, F. (trans. M.R. Sarshar, 1999) Nietzsche and the Philosophy of Existence. Tehran: Negah.

Sartre, J.-P. (1943) Being and Nothingness (L'Être et le Néant). Paris: Gallimard.

Sartre, J.-P. (1946) Existentialism is a Humanism (L'existentialisme est un humanisme). Paris: Nagel.

Sartre, J.-P. (1956) Critique of Dialectical Reason. London: Verso.

Schopenhauer, A. (1818/1844) The World as Will and Representation (Die Welt als Wille und Vorstellung). Leipzig: Brockhaus.

**سەرچاوە فارسییەکان:-**

اسلامی ندوشن، م.ع. (۱۳۷۰) فلسفهٔ اگزیستانسیالیسم. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

خاتمی، م. (۱۳۸٦) درآمدی بر هستی و زمان. تهران: مؤسسهٔ پژوهشی حکمت و فلسفه ایران.

کامو، آ. (۱۳۸۰) بیگانه. ترجمه: قاسم روبین. تهران: انتشارات نیلوفر. صص ۱-۱٥٦.

ملکیان، م. (۱۳۸۷) در جست‌وجوی معنا: مقالاتی درباب اگزیستانسیالیسم و معنویت. تهران: نشر طرح نو. صص ۱-۲۸۰.

نیک‌فر، م.ر. (۱۳۹۲) مبانی فلسفه علم پزشکی. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

نیچه، ف. (۱۳٦٥) چنین گفت زرتشت. ترجمه: دکتر محمد قاضی. تهران: انتشارات آگاه.

رفیعی، محمد. (۱۳۹٤). هایدگر: فیلسوف هستی. تهران: نشر نی. صفحات ۱۵–۴۵

رشیدیان، ع. (۱۳۸۲) درآمدی بر هرمنوتیک فلسفی: از متن تا تأویل. تهران: نشر نی. صص ۱۵۰–۲۰۵.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۵٤) اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر. ترجمه: مصطفی رحیمی. تهران: انتشارات نیل.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۵٤) اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر. ترجمه: یحیی مهدوی. تهران: انتشارات امیرکبیر. صص ۵–۱۰۰.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۵۷) تهوع. ترجمه: جلال آل‌احمد. تهران: انتشارات آگاه. صص ۱–۲۷۵.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۸۰) هستی و نیستی. ترجمه: عنایت‌الله شکیباپور. تهران: انتشارات دنیای نو.

سارتر، ژ.پ. (۱۳۸٦) هستی و نیستی. ترجمه: عزت‌الله فولادوند. تهران: نشر مرکز. صص ۵–٦۵۰.

هایدگر، م. (۱۳۸٤) هستی و زمان. ترجمه‌ی سیاوش جمادی. تهران: نشر ققنوس.

هایدگر، م. (۱۳۸۵) درآمدی بر متافیزیک. ترجمه: ناصر مهدوی. تهران: انتشارات پرسش. صص ۳۰–۲۱۰.

جمشیدی، سید جواد. (۱۳۹۲). درآمدی بر اندیشه هایدگر: هستی، وجود و زمان. تهران: انتشارات علم. صفحات ٦۵–۱۱۰

داوری اردکانی، رضا. (۱۳۸۱ / 2002). هایدگر و پرسش بنیادین. تهران: انتشارات سخن. صفحات ۷۵–۱۵٦.

مظفری‌پور، روح‌الله. (۱۳۹٦ /2017). «بازخوانی مفهوم اصالت در فلسفه هستی (اگزیستانس) با نگاهی بر اندیشه‌های کرکگور و هایدگر». پژوهش‌های هستی‌شناختی، دوره ٦، شماره ۱۲، صفحات ۱۳۵–۱۵۳.

کدیور، علی. (۱۳۹۳ / 2014). واسازی و فلسفه‌ی زبان در اندیشه دریدا. تهران: نشر نی. صفحات ۱۰–۵۰